حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی

کۆلێژی یاسا

بەشی یاسا

# پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئایین لە سایەی دەستورێکی عەلمانی

## ((راڤەکاری بەراوردکاری))


ئامادەکردنی قوتابیان:

عیسا یونس حەسەن

ڕێبین ڕیاز ئەحمەد

بەسەرپەرشتی:

سۆلاڤ مەحەمەد ئەمین


2723-2724 2023-2024ك 1444-1445ھ

لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ(6)

صورة كافرون

# توصية المشرف

**أشهد بأن البحث الموسوم ب (پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئایین لە سایەی دەستورێکی عەلمانی) الذي تقدم به الطالبين (عیسا یونس حەسەن و ڕێبین ڕیاز ئەحمەد) قد تم تحت اشرافي في قسم القانون/كلية القانون /جامعة صلاح الدين - أربيل، وهو جزء من متطلبات نيل درجة البكالوريوس في القانون .**

**التوقيع:**

**اسم المشرف : سولاف محمد امين**

**اللقب العلمي :**

**التاريخ :** / / 2024

# سوپاس و پێزانین

سەرەتا سوپاس بۆ خودا، وە دواتر سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە بە وشەیەکیش بێت هاوکارمان بوون، بەتایبەتی لە بابەتێکی هەستیار و پێویستی ئاوادا کە پڕیەتی لە لێڵی، سوپاس بۆ ئەو کەسانەی کە بەدەرونێکی ئارام لێمان تێگە شتن، وە سوپا سی تایبەتمان بۆ مامۆ ستا سەرپ شتیارمانە، کە لەنزیکەوە پاڵپ شتمان بوو و هاوکاری کردین بە هەموو شێوەیەك.

## ئەم توێژینەوەیە پێشکەش دەکەین

پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی کە مرۆڤایەتی دابەش ناکەن لەسەر بنەمای بیر و باوەڕ، و باوەڕیان بە لێبوردەیی و پێکەوەژیان هەیە. وە هەروەها پێشکەشە بە گیانی پاکی ئەوانەی بوونە قوربانی ڕێگای ئازادی.

وەك عیسا لەنزیکەوە پێشکەشی دەکەم بە هەردوو خوشکی بچووکم (زینە و زەینەب) هیوادارم کە گەورە بوون و فێری خوێندنەوە بوون، ئەو دیاریەم بە کەموکوڕیەکانیەوە قبوڵبکەن.

ڕێبین: من پێشکەشی دەکەم بە دایبابی ئازیزم، هیوادارم لێمی قبوڵبکەن بە هەر کەمووکوڕیەك کە لەو قۆناغەی ژیانم درکم پێی نەکردووە.

## پوختەی توێژینەوە

بابەتەکەمان یاسایی، فەلسەفی، ئایینیە، کە هەمووی دەخولێتەوە لە تەوەری پرسیاری توێژینەوەکەمان، کە ئاخۆ پەیوەندی نێوان دین و دەوڵەت لەسایەی دەستورێکی عەلمانی چۆنە، وە تێیدا باسی مێژووی سەرهەڵدانی عەلمانیەتمان کردووە لەتەك پێناسەکردنی ئەو چەمك و زاراوانەی کە پەیوەندیدارن بە ناونیشانی توێژینەوەکەمان، وە هەڵوێستی دەستورەکانی دونیامان دابەش کردووە بۆ سێ جۆر، کە بریتین لە دونیایی و ئایینی و ئاوێتە، وە خاسیەت و بنەمای هەر یەك لەو جۆرە دەستورانەمان ژماردووە، بەپێی دەستوری ئەو وڵاتانەی کە پەیڕەویان دەکەن، وە باسی پەیوەندیمان کردوون لەگەڵ سیستەمی دیموکراسی.



## ملخص البحث

موضوعنا قانوني، فلسفي، ديني، حيث يدور حول سؤال بحثنا، و كيف هي العلاقة بين الدين والدولة في ظل دستور علماني، و نتكلم عن تاريخ العلمانية مع التعريف الموضوع و المصطلحات المتصلة بالبحث، وقسمنا موقف الدساتير العالم إلى ثلاثة اقسام وهي العلمانية والدينية والمختلطة، وقد قمنا بسرد خصائص ومبادئ كل نوع من الدساتير بحسب دساتير الدول التي تتبعها، وناقشنا علاقتها بالأنظمة الديمقراطية.



## Research Summary:

Our topic is legal, philosophical, and religious, they all revolve around our research question, what is the relationship between religion and the state under a secular constitution? We discuss the history of secularism along with defining relevant terms and concepts. We categorize the stance of world constitutions into three categories: secular, religious, and mixed. We list the characteristics and principles of each type of constitution based on the constitutions of the countries that follow them and discuss their relationship with democratic systems.

## لیستی ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 3-1 |
| بەشی یەکەم: مێژووی عەلمانیەت و چەمکەکانی پەیوەست بەم توێژینەوە | 12-4 |
| باسی یەکەم: ڕونکردنەوە پێناسەی چەمکەکان | 8-4 |
| داواکاری یەکەم: پێناسەی دەستوری علمانیەت: | 5-4 |
| داواکاری دووەم: پێناسەی عەلمانییەت | 6-5 |
| داواکاری سێیەم: پێناسەی دین | 7-6 |
| داواکاری چوارەم: پێناسەی دەوڵەت | 8 |
| باسی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی عەلمانیەت | 12-8 |
| داواکاری یەکەم: عەلمانیەت لە ئەورووپا | 10-8 |
| داواکاری دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی عەلمانیەت لە جیهانی عەرەبی | 10 |
| داواکاری سێیەم: علمانیەت لە تورکیا | 11-10 |
| دەرئەنجامەکانی بەشی یەکەم | 12 |
| بەشی دووەم: راڤە کردن و بەراورد کردنی چەمکە پەیوەندیدارەکان | 25-12 |
| باسی یەکەم: دەستوری سروشت دونیایی (عەلمانی) | 17-13 |
| داواکاری یەکەم: بنەما و خەسڵەتەکانی عەلمانیەت | 16-13 |
| داواکاری دووەم: پەیوەندی نێوان دیموکراسیەت و عەلمانیەت | 17-16 |
| باسی دووەم: دەستووری سروشت ئایینی | 21-17 |
| داواکاری یەکەم: بنەما و خەسڵەتەکانی دەستوری سروشت ئایینی | 20-17 |
| داواکاری دووەم: نمونەیەك لە دەستوری ئیسلامی | 21 |
| باسی سێیەم : دەستووری سروشت ئاوێتە | 25-22 |
| داواکاری یەکەم: خاسیەتەکانی دەستوری سروشت ئاوێتە | 24-22 |
| داواکاری دووەم: پەوەندی نێوان دەستووری سروشت ئاوێتە و دیموکراسی | 25-24 |
| دەرئەنجامی کۆتایی | 28-26 |
| ڕاسپاردەکان | 29-28 |
| لیستی سەرچاوەکان | 32-30 |

# پێشەکی

لەدوای گەشەکردنی مۆدێرنتە و شۆڕشی فەرەنسی و دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی پارادایمی سیکۆلاریزەیشن شکستی هێنا لە قەناعەت پێهێنانمان بەوەی کە ئیتر باوەڕ بە خودا و ئاین و ڕوحانیەت نامێنێت، بەڵکو لەتەك فرەیی ڕەوتە سیاسی و نەتەوەیی، ڕەگەزیەکان، بێباوەڕی، بێ ئاینی، ڕەوتە دینیەکانیش گەشەیان کردووە و شێوازی و ڕێبازی جیاوازیان لێ دەرکەوت و لق و پۆپی زیاتریان لێ ڕوا، وە دەبینین خواپەرستی چۆن گەشە دەکات لەناو ڕۆحی مۆدێرنتە، شەرم لە سەردەم ناکات لەناو دەوڵەتی نەتەوە و کۆمەڵگای شارستانی، بۆیە دەبێت دەستور و یاسای بنچینەیی بیرێك لەو فرە ڕەهەندیە بکەنەوە کە لە دەوڵەت دا بوونی هەیە و ئەبێت بەشێوازێك ماف و ئازادیەکان لە دەستور دا بچنێت، کە هیچ کام لەو ڕەوتانە لە هەستی بێگانەیی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ماف و ئازادی ئەوتر نەدات، وە نابێت دەوڵەت سەر بە یەکێك لەو ڕەوت و ڕێبازانە بێت و مافی ئەوانی تر بخاتە ژێرپێ، وە نابێ دەستور بۆشاییەك جێ بهێڵێت لە ئاکام دا ڕەگەزپەرستی لێ دروست ببێت، دەبێت دەوڵەت هی هەموو ڕەنگ و ڕەگەز و بیروباوەڕەکان بێت، مادام شێوازی زۆر و جیاواز لە ئاینپەروەری دەرکەوتووە، ڕەنگە باوەڕداران لە هەموو کەس زیاتر پێویستیان بە پاراستن و ئازادی بیر و ویژدان و هەڵبژاردنی ئایین و پەرستش هەبێت، لێرەوە ئەم پرسیارە سەرنج ڕاکێش دەبێت گەر بڵێین ئایا لە دەستورێکی سروشت ئایینی ئەو ئازادیانە فەراهەم دەبن یان لە دەستورێکی سروشت عەلمانی؛ لە سەروبەندی داڕشتنی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان، بابەتی پێگەی ئاین لەتەك پرسی سەرۆکایەتی و ئەوانی تر مشتومڕێکی زۆری دروستکرد کە گەشتە ڕادەی دەمەقاڵێ و هەڕەشە و وروژاندنی ڕای گشتی، ئەم ناکۆکیە لەنێوان بەرەی ئیسلامی و بەرەی عەلمانی بوو، کە بەرە عەلمانیەکە یەکەم ڕێکخراوی عەلمانی بوو لەهەرێم بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ جودایی دین لە دەوڵەت دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە زۆربەی زۆربەیان پاشخانێکی چەپیان هەبوو لەلایەن ئیسلامیەکانەوە بە عەلمانی توندڕەو ناوزەند دەکران یان بێ دین، بەرە ئیسلامیەکە پێکهاتبوو لە گەلەکۆمەکێی ڕەوتە ئیسلامیە سیاسیەکان و کۆمەڵایەتیەکان کە هەڕەشەی کۆکردنەوەی ئیمزای ملیۆنیان دەکرد بۆ دەستورێکی ئیسلامی و لافیان بەڕای گشتی لێدەدا و خۆیان بە نوێنەری سەرجەم موسڵمانانی کوردستان بە هەموو شێوازە جیاوازەکانەوە دەزانی، هەرچەندە ڕێکخراوە عەلمانیەکە چالاکیەکانیان سست بوو تەنها داوای لابردنی ماددە 6 و 30 پرۆژەی دەستوری هەرێمیان دەکرد، وە ئیسلامیەکانیش بانگەشەی دەستوری سروشت ئایینیان دەکرد، بەڵام بە مانەوەی تەنها ئەم دوو مادەیەش هەر ڕازی بوون، خۆ نە دەتواندرێت لابرێت و نە دەتواندرێت لەوەی هەیە زیاتر بە ئایینی بکرێت، ئەو مشتومڕە ئەو پەڕی نەخوێندنەوەی دەستوری عێراقی پێوە دیارە، چونکە لە ماددەی 120ی دەستور ڕێگە نەدراوە هەرێمەکانی حکومەتی فیدراڵ بەشێوازێك دەستور دابرێژن کە ناکۆك بێت لەگەڵ دەستوری عێراق، دەبینین دەستوری عێراق نە ئاینیە بە تەنها و نە عەلمانیشە، وەك زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، وە هەمان ئەزمون لە پرۆژەی دەستوری هەرێم دوبارە کراوەتەوە بە ناچاری، و هەڵوێستێکی تەوافقی هەیە لە بارەی ئاین و عەلمانیەت کە هەڵوێستێکی ناڕونە و ناکۆکە، گفتوگۆبڕ نیە و مشتومڕی توند دەهێڵێتەوە، هەرچەندە ڕای گشتی زیاتر

**ڕەزامەندن بە دەستورێکی ئیسلامی گەرچی ڕەنگە زۆرینەی نەزانێت ئەم دەستورە چی تێدایە و کام جۆرە، و ماف و ئازادیەکانیان چی بەسەر دێت، وە زۆربەی بیرمەند و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار، چاودێرانی سیاسی زیاتر دەستوری عەلمانیان لاپەسەندترە، یان لانی کەم دەستورێکی مەدەنی کە جەخت لە بنەمای هاولاتی بوون بکاتەوە، وە ئاینپەروەرانی ئێزی و زەردەشتی، مەسیحیش پێشوازیان لە دەستورێکی عەلمانی دەکرد لەبەر ئەوەی لە ستەمی ئایینی زۆرینە دەترسان، لەکاتێك دا زۆرینە و کەمینە ئەبوایە زاراوەی سیاسی بن بەپێوانەی دیموکراسی، نەك ڕێژەی ئاینپەروەران، بۆیە ئێمە پرسیارە جەوهەریەکە دەوروژێنین، دەپرسین: ئایا پێویستە هەڵوێستی دەستور بەرامبەر ئاین چۆن بێت، ئایینی یان عەلمانی، ئاخۆ چی بەسەر ئایین و ئایینپەروەران دێت لەسایەی دەستورێکی عەلمانی، دەمانەوێت بزانین ئایا هەر بەڕاستی عەلمانیەت دژی ئایینە یان هاوکار و دۆستی ئایینە وەك هاشم ساڵح دەڵێت عەلمانیەت پێویستی ڕوحە؟**

## • ئامانج و کێشەی توێژینەوە:

بەهۆی ئەو جەنگە بێ وچانەی کە ئیسلامی سیاسی و بناوژخوازەکان لەڕێگەی میدیاوە بەرپایان کردووە لەدژی عەلمانیەت و لیبرالێزم و هەندێ جاریش دیموکراسی، هەر چەمکێکی ڕۆژئاوایی کە لەڕێگەی عەلمەنەو و مۆدێرنتەوە پێمان دەگات، تەواو بە دزێو و کوفر پێمان نیشان دەدرێت و ناهێڵن لە جەوهەری ڕاستەقینەی ئەو فەلسەفانە بگەین، ئێمەش بە ئەرکی خۆمان زانی وەك خوێندکاری کۆلێژی یاسا لەسەر بنەمای ئەو ئەزمون و زانیاریانەی پێی گەیشتووین، و ئەو زانینەی خۆمان بۆ بابەتەکە هەمانە هەوڵدەدەین بەشێك لەو تەمومژانەی کە بە مەبەست خراونەتە سەر چەمکی عەلمانیەت لای بدەین و یاساییانە ڕاڤەی ئەو فەلسەفەیە بکەین وەك سیستەم و دەستور، و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو سیستەم و چەمکانەی خۆیان بە ڕکابەری دەزانن، وە بەیەکەوە لە لێکەوتەکانیان دەڕوانین بزانین کامیان لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و زانستی ئێستا دەگونجێن، کامیان خزمەت بە یەکسانی و فرەیی، پێکەوەژیان، ئازادی بیر و ویژدان، لێبوردەیی، دیموکراسیەت دەکەن.

## • گرنگی توێژینەوە:

لەوەتەی کۆمەڵگای کوردی هەیە فرەیی خۆی لەدەست نەداوە لە هۆز، بیر، ئاین، نەتەوە، و ڕەوتێك و دینێك و ئایدۆلۆژیایەك نەیانتوانیووە کۆمەڵگای کوردی بەرەو تۆتالیاریزم (یەکانەیی) ببات، وە ئەوانەشی خوازراو بوونە هەرزوو لەدوای پراکتیزەکردن دەرکەوتنی ڕوی نامۆیان هەزم نەکراون و لاواز بوونە، بۆیە دەمانەوێت لەو سیستەمە سیاسی و پرەنسیپی هەندێ دەستور بڕوانین، بزانین کامیان لەگەڵ سروشتی تاك و دابونەریتی کوردی زیاتر دەگونجێت، وە کامیان پەیامی ڕوحانیەتی ئاینەکان تەواو دەکات.

## • پرسیاری توێژینەوە:

دەمانەوێت لەڕێگەی ئەم توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستیە بزانین ئایا پەیوەندی نێوان دین و دەوڵەت، لە سایەی دەستورێکی سیکۆلار چۆنە، خراپ و سەرکوتکەرە، یان دین و دەوڵەت دۆستی یەکن بەڵام دەست لە کاروباری یەکتر وەرنادەن؟

## بەشی یەکەم: مێژووی عەلمانیەت و چەمکەکانی پەیوەست بەم توێژینەوە

گرینگە لە بارەی مێژوی سەر هەڵدانی عەلمانیەت بزانین بەلاّم بێ تێگەیشتن لە چەمك و زاروەکان ناکرێ، هەر بۆیە ئەم بەشە دابەش دەکەینە دوو باس، بەم شێوەی خوارەوە:

باسی یەکەم: ڕونکردنەوە وپێناسەی چەمکەکان

باسی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی عەلمانیەت

### باسی یەکەم: ڕونکردنەوە وپێناسەی چەمکەکان

بۆ باسکردنی پێناسەی دەستور و عەلمانیەت، پێویستە ئەم دابەشکردنەی خوارەوە بکرێ:

### داواکاری یەکەم: پێناسەی دەستوری علمانیەت:

بۆ ئاسانتر تێگەیشتن پێویستە هەر یەك لە دەستوور و عەلمانیەت و ئەوانی تر لە لقی جیاواز پێناسە بکەین، بەم شێوەی خوارەوە:

### لقی یەکەم: پێناسەی دەستوور

لەبەر ئەوەی یاسا زانانی بواری دەستووری جیاوازی دەکەن لە نێوان دەستوور و یاسای دەستووری بەباشی دەزانم پێناسەی هەردووکیان بەجیا بکەم، بۆ نمونە:

### یەکەم: دەستور لەڕووی زاراوە و زمانەوانیەوە:

١- **دەستور لەڕووی زاراوە:** بریتیە لە دیکۆمێنتێکی یاسای کەبە پێی هەندێ ڕێککاری تابەت لەلایەن دەستەیەکی دیاری کراو دادەڕێت، بنەماکانی پەیوەندی دار بەسیستەمی حوکوم رانی لەناودەوڵەت لەکاتێکی دیاریکراو دا لەخۆی دەگرێت،[1] هەرچەند مەرج نییە ئەم دەستورە لەناو یەك بەڵگەنامەی دیاریکراو دەربچێت بەڵکو ئەگەری هەیە زیاتر لە یەك بەڵگەنامە بێت بۆ نموونە دەستووری فەرەنسای (١٨٧٥)کە لە سێ بەڵگەنامە دەرچووە.[2]

---

[1] سەعدی مستەفا، یاسای دەستوری، چاپی تاران، چاپی دووەم، ٢٠٢٣، لا١٣
[2] حسن مصطفى البحري، قانون الدستوري، الطبعة الاولى ، سنة 2009 ، لا ٣٨.

**٢- دەستور لەروی زمانەوانیەوە:** وشەی دەستور لەزمانی فارسی واتای بنەما یان بنچیینە،[3] وە چەند مانایەکی هاوشێوە هەیە بۆ نموونە: (تیانوسکە) کە یاسا و ڕێساکانی پاشای تیادا کۆ دەکرایەوە یان ( گۆزەی گەورە)،[4] ئەم وشەیە لە بنچینەی فارسییەوە لەڕێگەی زمانی تورکیەوە هاتووەتە نێو زمانی عەرەبی، لەزمانی عەرەبی یاسای بنچینەی بەرانبەری دێت،[5] بۆنمونە دەستوری عێراقی سالّی ١٩٢٥ ئەم زاراوەی بەکارهێناوە لەمادەی یەك،[6] وەلەزمانی ئینگلیزی فەرەنسیش (constitution) بەکاردێت بەرانبەری.

## دووەم: پێناسەی یاسای دەستووری

کۆمەڵە بنچینەیەکی یاسایە کە بارودۆخی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی ڕێکدەخات لە ڕووی پێکهاتەو تایبەتکارییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر، لەگەڵ دانانی ماف و ئەرکەکانی تاك ئەم جیاوازییە بۆمان دەردەکەوێت کەوا زاراوەی دەستوور لێکۆڵینەوە دەکات لە سیستەمی سیاسی دەوڵەتێکی دیاریکراو،[7] لە کاتێکی دیاریکراو بەڵام یاسای دەستووری زانستێکی بەراوردکاریە کە لەو بنەما یاساییانە دەکۆڵێتەوە کە سیستەمی حوکمڕانێتی لە وڵاتانی جۆراو جۆر باس دەکات.[8]

## داواکاری دووەم: پێناسەی عەلمانییەت

بۆ ئەوەی پێناسەی عەلمانیەت بکەین لە رووی زمانەوانی و زاراوەیەوە، بە پێویست دەزانرێ لە دوو لقی جیاواز باس بکرێن، ئەویش:

### لقی یەکەم :عەلمانیەت لەڕووی زمانەوانیەوە :

عەلمانیەت کە بە لاتینی پێی ئەوترێت (secular)لە ڕەهەندە مێژوویەکەیەوە دەردەکەوێت کەوا بە کۆمەڵێك مانای جیا جیا بەکار براوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم مانایانە دەبەخشێت ژمارە ﴿ ١٠٠ ﴾ بەواتای ئەو ڕوداوانەی کەوا ١٠٠ سالّ جارێك ڕوودەدەن، ئەمەش ئەگەر لە بنچینەی وشەی سیکۆلار بکۆڵینەوە کە (سیکۆلۆمە)،[9]

---

[3] سەعدی مستەفا، یاسای دەستوری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٣
[4] حسن مصطفى البحري، قانون الدستوري، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٨
[5] پ.د. سەعدی مستەفا، یاسای دەستوری، هەمان سەرچاوەی پێشوو لا١٣
[6] دەستوری عێراقی١٩٢٥ مادەی یەکەم دەڵێت ناوی ئەو یاسایە (یاسای بنچینەییە)
[7] سەرهەنگ حەمید بەرزنجی، گشتگیر لە تیوری دەستوور، چاپی کتێبخانەی تەبایی، چاپی دووەم، ٢٠١٩، لا٩و٣٩
[8] سەعدی مستەفا، یاسای دەستوری، سەرچاوی پێشووتر، لا٩
[9] ئەنوەر حسێن، جێگری سەر نوسەر: لوقمان رەئوف، سیکۆلاریزم، چاپخانەی کارۆ، لا٣

ئەگەری ماناکەی بە کوردی وەربگرین دەبێتە (دونیایی) یان (ئەم دونیا) وەکو ئاماژەیەك بۆ ژیانی سەر زەوی مانا دەبەخشێت،[10] بە فەڕەنسی و ئینگلیزی(laicism) ی پێ دەگوترێ، کە هەردوکیان بە مانای "کەسی ئاسای" دێن.[11]

## لقی دووەم: علمانیەت لەڕووی زاراوە

فەرهەنگی ﴿ڕۆبێر﴾ عەلمانیەت بەوە پێناسە دەکات کە: چەمکێکی سیاسییە و دەخوازێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە کۆمەڵگەیەکی سیاسی جیابکاتەوە، بە جۆرێك دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی ئایینی نەبێت و کڵێساش خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی نەبێت، محەمەد عەبت دەڵێت ( نە لە سیاسەت ئایین هەیە و نە لە ئایینیش سیاسەت.) سەعد غەزلول دەڵێت (ئایین بۆ یەزدان و نیشتمان بۆ هەمووان)،[12] هەروەها پلاتفۆرمی دابڕان، کە دەخوازن حکومەتێکی سیکۆلار دابمەزرێنن، دروشمی (ئاین بۆ تاك و دیموکراسی بۆ هەمووان) بەرز کردنەوە،[13] علمانیەت جیاکردنەوەی شەریعەتەکانی ئاسمانە لەیاسایکانی زەوی، بیر کردنەوەیەکی دوونیاییانەیە لەژیان و وێناکردنێکە لە واقعی ئەو زەرورەتانەی سەریهەڵداوە،[14] بەگشتی علمانیەت دەیەوێت مەسەلەی ئاین بکات بە بابەتێکی کەسی و دەوڵەت بکاتە بە چەترێك بۆ سەرجەم هاولاتیان بەبێ ڕەچاوی هەر چەشنە جیاکاریەك.

## لقی سێیەم: دەستوری علمانی

دەستوری عەلمانی رەفز کردنەوەی تێکرای شەریعەتە ئاینیەکانە،واتادژی دامەزراندنی دەوڵەتە لەسەر بنەمای شەرع، بەڵکو بانگەشەی بونیادنانی دەوڵەت و ڕێخستنی کۆمەڵگا و ئاراستەکردنی گشت کار و چالاکیەکانی مرۆڤ دەکات لەسەر بنچینەی یاسا دەستکرد و دانراوەکانی خودی مرۆڤ خۆی، ئەمەش بەپێی ڕێبازی سروشتی و غەریزە و بەرژەوەندی گشتی و زانستی تاقیکاری.[15]

---

[10] ئاستین کلاین، سیکۆلاریزم بەزمانێکی سادە، و: هەژێر شەریفی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، لا٧٥

[11] ماڵپەری (الجزیرة) تارخ ضهور العلمانیة اشنقوا اخر ملك بأمحاء اخر قس،٢٠٢٢

[12] حەفیف ئەخزەر، عەلمانیەت و ئسوڵیەت، و: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپوبڵاوکردەنوەی ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠١٢، هەولێر، لا١٣

[13] ماڵپەڕی (چاودێر) "بەرنامەی هەردوو کۆنفرانسی پلاتفۆڕمی دابڕان و فێمێنزمی ڕۆشنگەری"، ٢٠١٩

[14] ئیسماعیل کوردە، عەلمانیەتی ئەوان و نیگەرانی ئێمە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، لا ٧

[15] دانا حمەعلی عبداللە، عەلمانیەت و ململانێی ئیسلام، لا ١٦

## داواکاری سێیەم: پێناسەی ئایین

بۆ بەرچاو روونی زیاتر دەبێت پێناسەی ئایین لە رووی زمانەوانی و زاراوەیەوە بکەین، بۆیە، داواکاری سێیەم دابەش دەکرێتە ئەم دوو لقەی خوارەوە:

### لقی یەکەم: دین لەروی زمانەوانیەوە

(ابن فارس) دەڵێت: دال و یا و نون یەك بنچینەیان هەیە، وە هەرسێکیان دەگەرێنەوە بۆ یەك رەگەز تا گوزارشت بکەن لە ملکەچی و زەلیلی، جگە لەوە وشەی دین لەو زاراوانەش نزیکە (پاداشت، عادەت، گوێڕایەڵی)،[16] بەکوردی ئاین پێ دەوتزێت و بە ئینگلیزیش.(relagion)

### لقی دووەم: پێناسەی دین لەڕووی زاراوە

ئاین یان دین کۆکراوەیەکی سیستەمی کەلتوری و سیستەمی بیروباوەڕ و تێڕوانینی جیهانیە، کە پەیوەندیەك دادەمەزرێنێت لەنێوان مرۆڤ و ڕوحانیەت دا، یاخود لەگەڵ چەند ڕێڕەوێکی اخلاقی دا،[17] ئەمیل دۆرکهایم دەڵێت: سیستەمێکی تۆکمە لەبیروباوەڕ و پراکتیزەکان کە پەیوەستەن بەشتە پیرۆزەکان،[18] هەروەها فەیلەسوفی هۆڵەندی مایکل لێزنبێرگ پێشنیار دەکات سێ جۆرڕوانین بۆ دین لەیەکرز جیابکرێنەوە کە ئەوانیش بریتین لە باوەڕ و ئەزمونی ناوەکی مرۆڤ و پراکتیك (پەیرەو)، بە باشم زانی هەر سێك ڕوانینتان بە کورتی بۆ باس بکەم.[19]

١-دین وەك باوەڕ: ڕوانین بۆ دین وەك باوەڕ ڕوانینێکی سادەیە و ئاسانە، دیدێکە بۆ چۆنیەتی ڕێخستنی گەردوون و بوون و دونیا وێنا دەکات، دین لێرەدا باس لەشوێنی ئینسان دەکات لەگەردوون دا.

٢-دین وەك ئەزمونی تاکەکەسی: دین لێرە پێ لەسەر بوونی نرخ وبەها دینییەکان بۆ ئەم یان ئەو تاکە کەس و پێ لەسەر ئەزمونی تایبەت و کەسایەتی باوەڕداران دادەگرێت، دین لێرەدا کەمتر سەرقاڵی موناقەشە و بەرخوردی عەقڵ و سەلماندنە، بەڵکو زیاتر گرینگی بە ئەزمونی ناوەکی ئینسانی باوەڕدار دەدات، لەم دیدەدا دین لە ناوەوەی ئینساندا دەژیێت بۆیە گوزارشت لە ئەزموونێکی روحانی دەکات.

---

[16] عبدالناصر بن موسى ابوبصل، تحريرالمفاهيم والمطحات، الدين، الحرية، محكمات الشرعية، الانحرافات الفكرية، ص٧

[17] ماڵپەری (کوردیپیدیا)، ئاین-ئایین، ئەم بابەتە لەلایان: هاوڕێ باخەوان بڵاوکراوەتەوە،٢٠١١/١٠/١٠تۆمارکراوە بۆ دواجار لە لایەن: زریان سەرچناری، لە ٢٠٢٢/٢/١٢ باشترکراوە.

[18] أ. د. عبدالناصر بن موسى ابوبصل، تحريرالمفاهيم والمطحات، الدين، الحرية، محكمات الشرعية، الانحرافات الفكرية، ص١٢

[19] مەریوان وریا قانح، دین و علمانیەت، چاپخانەی ئەندشە، ٢٠٠٨، لا٤٢

۳-دین وەك پراكتیك: سەرجەمی ئەو كردارانەیە كەبەناوی دینەوە دەكرێت، مەرج نیە ئەو كردەوەیە شەرعیەتی لەدەقە دینیەكان وەرگرتبێت، بەڵكو لە چوار چێوەی ئەوپەیوەندیە كۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیانە دروست دەبن كە لە ئارادان، ئەمەش سودی بۆ دین هەیە تاچیتر دین وەك جەوهەرێكی نەگۆڕ سەیرنەكرێت بەڵكو بەپێی قۆناغی ڕیفۆرم بكرێت.[20]

## داواكاری چوارەم: پێناسەی دەوڵەت

پێناسەی دەوڵەت (state) لە زانستی سیاسیدا بە واتای پێكهاتە و كۆمەڵە خەڵكێكە كە لەناو خاك و نیشتمانێكی دیاریكراو و هاوبەشدا دەژین و خاوەنی حكومەتێكن كە دەپەرژێتە سەر ئیدارە و جێبەجێكردنی یاسا. دەوڵەت لەژێر دەسەڵاتی نەتەوەیەك، یان چەند نەتەوەی جیاوازدا دایە كە، سەربەخۆیی و سەربەستییان گەرەنتی دەكات. دیارە واتای دەوڵەت بە شێوازی دیكەش بەكار دەهێنرێت. هەندێك لە نووسەران "دەوڵەت و حكوومەت"بە یەك واتا بەكار دەهێنن و لە زمانی ئاسایی و ڕەشۆكیی جەماوەر میدیاكاندا هەروەك باوە دەوڵەت بە واتای دەسەڵاتی جێبەجێكار، یان ئەنجومەنی وەزیرانە، كە ئەك پێناسە لە واتای وشەی دەوڵەت، تەنیا ئاماژە بە بەشێك لە حكوومەت دەكات. هەندێ جاریش دەوڵەت بریتییە لە هەندێ دامەزراوەی مەدەنی، ئیداری و مەزهەبی.[21]

## باسی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی عەلمانیەت

بە گرینگی ئەزانم باسی مێژوی ئەم فەلسەفەیە بكەم چونكە بەبێ سەیركردن وتێگەیشتن لەو هەل و مەرجە مێژویە، ئەوە لەهۆكاری پێویستی سەر هەڵدانی علمانی ناگەین.

لێرەدا، بۆ باسكردنی ئەم بابەتە بە تێروتەسەلی، باسی دووەم دابەش دەكرێتە سێ داواكاری، كە بەم شێوەی خوارەوە هاتوون:

### داواكاری یەكەم: عەلمانیەت لە ئەورووپا

### داواكاری دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی عەلمانیەت لە جیهانی عەرەبی

### داواكاری سێیەم: علمانیەت لە توركیا

[20] مەریوان وریا قانح، دین و علمانیەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٣٤/٣٥/٣٦/٤١)
[21] ماڵپەڕی چاوی كورد، پێكهاتە و پێناسەكانی دەوڵەت، لەلایەن شەریف فەلاح، ٢٠٢٣

## داواکاری یەکەم: عەلمانیەت لە ئەوروپا

لەبەر ئەوەی مانای سیکولاریزم لە بەرامبەر ئایندا دێتە گۆڕێ، ڕەنگە زۆرێك نەزانن کە سیکولاریزم سەرەتا لە بواری ئایینی دەرکەوتووە، دەتوانین ڕیشەکانی جیاوازی نێوان بواری دونیایی و ڕۆحیی لە کتێبی ئینجیلدا بدۆزینەوە، لەم کتێبەدا وتەیەکی پەیام هێن عیسا (د.خ)کە تیادا دەڵێت" کاروباری قەیسەر بۆ قەیسەر و کاروباری خواش بۆ خۆی بسپێردرێت ".[22]

کەم و زۆر سەربەخۆیی لە هەموو ئایینە یەکتا پەرستییەکاندا هەیە، دەکرێت بە گوێرەی بۆچوون و ئیرادەی خۆت لە نێوان خێر و شەڕ، چاکە و خراپە، ژیانی دنیا و ژیانی خوایی سەرپشك بێت و یەکێکیان هەڵبژێریت، بەمەش وشەی سیکولار لە مەزهەبی کاسۆلیکیدا لەم بەشەی ژیانی مرۆڤ بەکار برا کە ڕووی ماددی و دونیایی هەبوو واتە ئەو شتانەی کە بەهای ڕۆحانی و خواییەکەی نەماوە.[23]

لەکردەوە دا سیکۆلار بەو قەشانە دەوترا کە سوێندی ڕاهیبانەیان نەخواردبوو (وازهێنان لەخۆشیەکانی ئەم دونیا) ئەو قەشانە بوون کە لە جێگای گۆشەگیری و فەنابوون کاروباری دونیاییان هەڵبژارد و بە سیکۆلار ناو دەبران، لەبەر ئەوەی ئەم قەشانە لەدونیادا کاریان دەکرد، ناویان دەتوانن ستانداری باڵای ئەخلاقی و کردەوەی کەسایەتی بە دەست بهێنن، هەر ئەم هەڵبژاردنە ئەوانی لەو پاکیە ڕەهایە بێبەش دەکرد کە لە پیاوە ڕەوحانیەکان چاوەڕوان دەکرا، بۆیەش بەچاویکی کەمتر سەیر دەکران.[24]

مەسیحیەت لەسەدەی چواری زاینی دا لەسەردەمی پاشا ﴿کونستانتین﴾ بووە ئاینی فەرمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، دەوڵەتی ڕۆم خۆی بە بەرپرسی هەموو مەسیحیەکانی جیهان زانی، هەموو شارەکانیش بە ناوی بەرگری لە مەسیحەت دەکرد، کە لە سەدەی ﴿٥﴾ کەوتە بەر پەلاماری دەوڵەتی ئەڵمانیا لە کۆتایی سەدەکەی ئیمپراتۆرییەتەکە لەناوچوو، پاشان ئەوروپا بوو بە پاشا گەردانی و دەوڵەتی بچووك دروست بوون بەجۆرێك نەیان دەتوانی بڵێن جێگرەوەی دەوڵەتی ڕۆمین، بەڵام ئەو پارچە پارچە بوونە زیانی بە ڕۆڵی کڵێسای ڕۆم بەسەرکردایەتی (پاپا) نەگەیاند، بەمەش دەرەبەگەکان بە دانی باج بە ڤاتیکان خۆیان ناونا نوێنەر و مژدەبەخشی پاپا لە هەر وڵاتێکدا، ئەمەش موڵك و دەسەڵاتی کڵێسای بەجۆرێك فراوان کرد کە جەور و ستەم و زۆرداری بەرامبەر بە جوتیارانی ئەورووپا زۆر ئاسانبوو بۆیان، پاشان شۆڕشی جووتیاران لە هەموو ئەورووپای خۆرئاوا دەستی پێکرد لە ئەڵمانیا شەڕەکانی جووتیاران شانبەشانی جوولانەوەی چاکسازی ئایینی (مارتن لوثر) بوو، کە دەیویست تەورات و ئینجیل وەرگێڕێتە سەر زمانی ئەڵمانی، تا هیچ کەسێك نەبێتە چاو ساغی خەڵکی بۆ ڕاڤەکردنی ناوەڕۆکی ئەم کتێبانە، ئەم خەباتەش مەزهەبی

---

[22] ئاستین کلاین، سیکۆلاریزم بەزمانێکی سادە، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢

[23] سەر نوسەر ئەنوەر حسێن، سیکۆلاریزم، سەرچاوەی پێشوو، لا٥

[24] ئاستین کلاین، سیکۆلاریزم بەزمانێکی سادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٤

ئایینی پرۆستانتی لێکەوتووە وە، وای  کرد زۆربەی هەرێمەکانی ئەورووپا پشتگیری بکەن، لێرەوە ئەو موڵك و دەسەڵاتە زۆرەی کە کلێسا هەیبوو لێی سەندرایەوە و هەمووی کەوتە ژێر دەستی دەرەبەگەکان، ئەم پرۆسەیە لە مێژووی کلێسای کاسۆلیکی پێی دەوترێت ﴿سیکۆلارزاسیۆن﴾، پرۆسەی داماڵینی خاوەندارەتی کلێسا لە سەدەی شەشەمی زایینی لە ئەورووپا دەستی پێکرد کە هێشتا ئایینی ئیسلام سەری هەڵنەدابوو ئەم پرۆسەیە تا شۆڕشی فەرەنسی بەردەوام بوو.[25]

لەدوای ماڵ وێرانی بەهۆی جەنگی ئاینی لە ئەوروپا، خەڵك لەوە تێگەیشتن کەوا دەکرێت پانتاییێك بۆ کردەوە ئەندێشەکان هەبێت کەوا دوور بێت لە ئاین و کلێسا، ئەم ڕێگاچارەیە بووە هۆی زۆرتر دورکەوتنەوە لە دەوڵەت، بەشێوەیەك کە ئەم جوداییەی نێوان دەسەڵاتی ئاینی و دەوڵەت سنوری ناوچەکانی پرۆستانتی بەزاند بەشەکانی تری زەوی و ئاینەکانی تریشی گرتەوە، نموونەی بەرجەستەی ئەم جوداییە تەواوەی لەنێوان دەسەڵاتی ئاینی و دەوڵەت، پەسەندکردنی یاسای لائیستی فەرەنسابوو لە ساڵی ١٩٠٥دا.[26]

### داواکاری دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی عەلمانیەت لە جیهانی عەرەبی

یەکەمین کەس وشەی (لائستیك)ی بەعلمانیەت وەرگێرا، یەکێك لە وەرگێڕەکانی ناو لەشکری (ناپیلۆن پۆناپرد) بوو لە کاتی  هێرشی لەشکری ناپیلۆن بۆ سەر میسر بە ناوی (لویس بقر المصری) ئەمەش لەو فەرهەنگە (فەرەنسی / عەرەبی)یە داهات کە بۆ یەکەم جار لە مانگی مارتی ﴿١٨٢٨﴾ چاپ کرا، پاشان کۆڕی زمانی عەرەبی لەقاهیرە لە ساڵی ﴿١٩٦٠﴾ لە فەرهەنگی ﴿وسیت﴾ ئەم چەمکەی پەسەندکرد و بریاری لەسەردا، دەتوانین بڵێین کۆلۆنیالیزم ﴿داگیرکاری﴾ی ئەوروپی عەلمانیەتی هێنا نێو جیهانی عەرەبی.[27]

### داواکاری سێیەم: علمانیەت لە تورکیا

زۆر لە نووسەرە ئیسلامییەکان دەڵێن دەوڵەتی عوسمانی لەژێر فشاری وڵاتە زلهێزەکان و بە هۆی لاوازی لە سەر دەمێك پەنای بردە بەر یاسا مەدەنیەکان، بەڵام کە دەڕوانینە سەرەتای ئەو گۆڕانکارییە بۆمان دەردەکەوێت کە لە سەردەمی ترۆپکی بەهێزی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ١٤٢٩ی زاینی بوو، لە سەردەمی سوڵتان مەحمەد فاتیح سەرنجیان دا کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی شەریعەت یاخیبوون و ڕاپەڕین و ناڕەزایی زۆر لە ناوچەکانی خەلافەت بلاو ببوویەوە، لە جیاوازی کردنی لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمان، چونکە تەنیا تاکی موسڵمان پێی دەگوترا عوسمانی، بەمەش ناموسوڵمانەکان هەستیان بە نامۆیی دەکرد بۆیە لەم سەردەمە بە تایبەتی لە یاسای سزاکان چاکسازی زۆر

[25] ئەنوەر حسێن، سیکۆلاریزم، سەرچاوەی پێشوو، لا٧تا٩
[26] ئاستین کڵاین، سیکۆلاریزم بەزمانێکی سادە،  هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٨
[27] حەفیف ئەخزەر، عەلمانیەت و ئسوڵیەت، سەرچاوەی پێشوو، لا١٩

**کرا، وەك لادانی سزای (کوشتی هەڵگەراوە، دەست برین...) وە چاکسازی لە یاسای مەدەنییش کردوو و زیاتر بە مەدەنی کران، و لەدوای ئەو سوڵتان سلێمانی قانونی لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام بوو ئەویش لە یاسای دادگاکان و سزادان و پەروەردە و فێرکردن چاکسازی زۆری کرد، پاشان لەسەر هەموو ڕێچکە سوڵتان ﴿سەلیمی سێیەم﴾ بەردەوام بوو لەم ڕیفۆڕمە.**[28]

**گەرچی ئەم پرۆسەیە تەگەرەی دەکەوتە پێش بەڵام بەردەوام بوو و بەری لێ نەگیرا تاوەکو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەی کۆماری تورکیا یەکەم سەرۆك کۆماری تورکیا ﴿مستەفا کەماڵ ئەتا تورك بوو﴾ کە ساڵی ١٩٢٣ لەدوای کۆتای هاتنی دەسەڵاتی عوسمانیەکان، کۆمای تورکیای ڕاگەیاند و ئەنقەرەیان وەك پایتەخت هەڵبژارد، ئەتاتورك سەرەڕای کەسایەتیە توندە سەربازی و نەژادیەکەی، خۆی بەکەسێکی هاوچەرخ و سەردەمیانە دادەنا، لەساڵی ١٩٢٦ هەموو ئەو یاسایانەی وڵات کە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی دانرابوون هەڵوەشانەوە، یاسای فرێژنی قەدەغە کرد و گرێبەستی مارەبڕینی شارستانی دانا و ساڵی١٩٣٤ مافی خۆکاندیدکردن و دەنگدانی بەژنان بەخشی، بەهۆی ئەو دەستکەوتە سەربازی و سیاسییانەی کە بەدەست هێنا، ئەتاتورك بە یەکێك لە کاریگەرترین کەسایەتییەکانی سەدەی بیستەمی تورکیا و جیهان دادەنرێت.**[29]

---

[28] محمد هەریری، خەلافەتی عوسمانی لەشەریعەتەوە بۆ علمانیەت، چاپی ئەلیکترۆنی یەکەم، ٢٠١٩ لاپەرە27 تا 33
[29] ماڵپەری زانیاری، مستەفا کەمال ئەتاتورک، لەلایان ئیسرا بوورهان، ٢٠٢٢، کۆدی بابەت:٧٦٠٩

## دەرئەنجامەکانی بەشی یەکەم

1-بەپێی ئەو پێناسانەی کە بۆ عەلمانیەتمان کرد و بەڵگەمان بۆی هێنایەوە وادەرکەکەوێت عەلمانیەت یەکێکە لە فەلسەفە ماتریالیزمەکان، دەخوازێت کۆمەڵگایەك بنیادبنێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، و بیرکردنەوەی دونیاییانە بۆ ڕێکخستنی دەوڵەت، ئاکاری نوێی کارگێڕی مۆدێرنتە، ئەمەش لەپێناو نەهێشتنی سیمای بەڕێوەبردنی ئایینی ستەمکاران و چەقبەستوویی بنەما ئایینیەکان و نەگۆڕانیان لەگەڵ هاوشانی گۆڕانی سەردەم، بەهۆی گەشەسەندی مەعریفەت، فراوانبوونی کۆمەڵگای مەدەنی، خواستی بەردەوام لەسەر ماف و ئازادی زیاتر لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە، بێگومان ئەمەش بە دەرکەوتن و گەشەکردنی زانستی کۆمەڵناسی هەستی پێکرا، عەلمانیەتیش لەبەر ئەوەی دۆستی لیبڕاڵیزم و ئازادییە، بۆیە کلاوی ئایین تەنها لەسەری دەوڵەت و دەزگاکانی دەکاتەوە، عەلمانیەتی ڕاستەقینە ئازادی ڕەهای پەرستش بۆ کۆمەڵگا و تاکەکان فەراهەم دەکات تا ئەو ڕادەیەی هەڕەشە نەبن بەسەر چەتری سەقامگیری و سیستەمی گشتیەوە، ئەمەش دەمانگەیەنێت بە بنەما بەناو بانگەکەی کە دەڵێت: "دەوڵەت بۆ هەمووان و ئایینیش بۆ تاك" خۆ جیاوازە لە فەلسەفە ماتریالیستەکەی (کارڵ مارکس) کە لقێکی لە سۆسیالیزم گرتووە بەناوی کۆمەنیزم و لەڕووی ئایینێەوە بانگەشە بۆ بێخودایی دەکات لەژێر دروشمی "ئایین تریاکی گەلانە" کەچی زۆر جار لەبەر ئەوەی هەردوو فەلسەفە ماتریالیزمن، لەکۆمەڵگای ئێمە بە یەك چاو سەیر دەکرێت، لێرەوە دەردەکەوێت کە چەند جیاوازن، بەڵام لێرە وەڵاممان بۆ پرسیارەکەمان پێ نادرێتەوە تا سەیری بارودۆخی یاسایی، و ماف و ئازادیەکانی تاکەکان نەکەین لە دەستورە عەلمانیەکان، چونکە بابەتەکەمان یاساییە تا بە یاسا ئەو بنەمایانە زامن نەکرێن ئێمە هیچ وەڵامێکمان دەستناکەوێت لەو کتێبە زانستی و فەلسەفیانە کە بانگەشە بۆ خۆیان دەکەن.

2- گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو مێژووەی کە باسمان کرد، عەلمانیەت پێویستیەك نەبووە تەنها بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە پێناو ڕزگاربوونیان لە دەسەڵاتی کڵێسا، بەڵکوو پێویستیەك بووە بەهەمان شێوە بۆ وڵاتانی ئیسلامی، بەتایبەتی کاتێك ئایینی ئیسلام شەریعەتێکی ڕاڤەکراوی لەلایەن زانا ئایینیەکانەوە هەیە، وە ئەم شەریعەتەش بێ بەری نەبووە لە هەمەجۆری و پڕیەتی لە لێکدانەوەی جیاواز و ناکۆکی لەلایەن زانا ئایینیەکانەوە و دابەشبونی ئاراستەیی بەدی دەکرا لەنێوان دەوڵەتە ئایینیەکانی وەك عوسمانی و سەفەوی، وە ناکۆکیەکان لەو دوو دەوڵەتە دێرینترن و شەڕی خوێناوی بەهۆیەوە هاتۆتە کایەوە، وە زۆرێك لە ڕوحانیەکانی ئایینی ئیسلام پێیان وایە قورئانی پیرۆز تەنها ڕێسای ئەخلاقی تێدایە نەك ڕێسای یاسایی، لە مەڕ ئەو هەموو ناکۆکیە هێشتا لە دەوڵەتی عوسمانی کێشەی فۆڵتر هەستی پێدەکرا، وەك کێشەی هاوڵاتیبوون و توندی یاسا سزاییەکان و گۆڕانی بەردەوامی کۆمەڵگا و لاوازبوونی ڕۆڵی ئایین لەو سەردەمە، بەرژەوەندی باڵا خۆی لەدوونیایی بوون لەپێناو دەوڵەت دەبینیەوە، قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری ڕووی دەدا، تا گۆڕانە ڕادیکاڵەکەی کەمال ئەتاتورك، بێگوومان لەبەشی دواتر باسی هەر یەك لەو وڵاتانە دەکەین کە ئایینین یان عەلمانین، لێیدەکۆڵینەوە بزانین ئەوانەی بە ئایینی ماونەتەوە سودیان بینیووە یان ئەوانەی گۆڕاون بۆ عەلمانی.

## بەشی دووەم: ڕاڤەکردن و بەراوردکردنی چەمکە پەیوەندیدارەکان

هەرچەندە ئەوەی فێری بووین لە جۆرەکانی دەستور بریتین لە: ( دەستوری نوسراو، نەنوسراو، نەرم، چەقبەستوو، درێژ، کورت، نوسراو، نەنوسراو...) بەڵام بەپێی ڕای زۆرینەی زانایانی بواری سیاسی و یاسای دەستوری، هەڵوێستی دەستور سەبارەت بە ئاین و دیاریکردنی پێگەی ئاین لە دەستور دا سێ جۆرە، هەرچەندە ناوەکانیان بە کوردی وەرنەگێڕدراون بۆیە ئێمە ناوەکان وەردەگێڕین بۆ دەستوری سروشت دونیایی (عەلمانی) و دەستوری سروشت ئایینی و دەستوری سروشت ئاوێتە لەنێوان دونیایی و ئایینی.

بۆیە ئەم بەشە دەکەین بە سێ باس، کە هەر باسێك دەکەین بە دوو داواکاری و لە داواکاری یەکەم باسی جۆرێك لەو دەستورانە دەکەین و خاسیەتەکانیان دەژمێرین بەپێی دەستوری ئەو وڵاتانەی کە ئەو جۆرە پەیڕەو دەکەن، و لە داواکاری دووەمیان دا باسی چۆنیەتی پەیوەندیان دەکەین لەگەل دیموکراسی دا، ئەگەر بێگومان دیموکراسی بوونی هەبێت لە ناویان دا، پاشانیش دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانمان دەنوسین و وەڵامی پرسیارەکەمان دەدەینەوە ئەگەر دەستمان کەوت.

### باسی یەکەم، دەستوری سروشت دونیایی (عەلمانی)

ئەم بەشەشیان دابەش دەکەین بەسەر دو لق دا لە داواکاری یەکەم دا باسی بنەما و خەسڵەتەکانی عەلمانیەت دەکەین و لە داواکاری دووەم دا باسی پەیوەندی نێوان دیموکراسی و عەلمانیەت دەکەین:

### داواکاری یەکەم، بنەما و خەسڵەتەکانی عەلمانیەت لەناو دەستور

لە کۆمەڵگای کوردی دا و لەو وڵاتانەی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە بناوژخوازەکان دەستیان پێیان گەیشتووە هۆشیاری لەبارەی دەستوری عەلمانی تەنها لەم بنەمایەیە کە دەڵێت "جیایی دین لە دەوڵەت و یاسا" بەڵام ئەو بنەمایە ئامرازە بۆ کۆمەڵێك ئامانجی کۆمەڵایەتی، عەلمانیەت کۆمەڵێك بنەما و خەسڵەتی تری هەیە لەناو دەستورەکان کە پێ دەناسرێتەوە، هەرچەندە بەشێکیان لە دەستورە سروشت ئاوێتەکانیش هەن بەڵام پیادەکردنی ئەم بنەمایانە لەناو دەستوری سروشت عەلمانی لەبارترن و هەندێکیان هاوتان لەگەڵ فەلسەفەی لیبڕاڵیزم و خواستەکانی دەوڵەتی مەدەنی و سیستەمی دیموکراسی، گرنگترینەکانیان دەژمێرین:

**لقی یەکەم: فرەیی** (زۆری هێزەکان، زۆری ڕووە جیا جیاکانی ژیان، زۆری تاکەکان، زۆری گروپەکان، بیر و باوەڕی جیاواز)[30] (ئەم بنەمایە ئامانجی دەستورە دەستورە سیکۆلارەکانە بۆ شەگەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دروستکردنی ژیاندۆستی و لێبوردەیی لەنێوان جیاوازیەکانی ڕوبەری گشتی، بۆ نمونە مادده 15 لەدەستوری ئۆکرانیا وەك نمونە وەردەگرین کە نوسراوە : ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئۆکرانیا لەسەر بنەمای پلۆرالیزمی سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆژی دامەزراوە.[31]

### لقی دووەم: ئازادی بیر وویژدان وهەڵبژاردنی ئاین، باوەڕهێنان وباوەڕ نەهێنان ولێبوردەیی:

بڕگەی دووەم لە بەشی دەیەمی دەستوری کۆماری ئەلبانیای عەلمانی بە نمونە وەردەگرین کە نوسراوە: (دەوڵەت لە بابەتی ئیمان و ویژدان بێلایەنە و ئازادی ڕادەربڕین لە ژیانی گشتیدا فەراهەم دەکات) [32]، وە ماددەی 24 لەدەستوری کۆماری تورکیای عەلمانی نوسراوە: (ئازادی ویژدان و بیروباوەڕی ئایینی و قەناعەت مافی هەمووانە، ڕێوڕەسم و بۆنە ئاینیەکان و پەرستشی ئایینی بە ئازادی ئەنجام دەدرێن، نابێت کەس ناچار بکرێت پەرستش بکات، یان بەشداری لە هەر ڕێوڕەسمێکی ئایینیدا بکات، یان بیروباوەڕ و قەناعەتە ئاینیەکانی ئاشکرا بکات، یان بەهۆیەوە تاوانبار بکرێت، یان تۆمەتی بخرێتە پاڵ بەهۆیەوە.)[33] هەروەها بڕگەی یەکەم لە مادده 38 لەدەستوری کۆماری کۆسۆڤۆ نوسراوە "ئازادی باوەڕ و ویژدان و ئایین"[34] یان مادده 16 لە دەستوری ئیسپانیا نوسراوە: (1.ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی ئایین و پیادەکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی فەراهەمکراوە بۆ تاك و پێکهاتەکان بەبێ هیچ سنووردارکردنێك بۆ چالاکییەکانیان، جگە لەوەی کە پێویستە بۆ پاراستنی نەزمی گشتی کە بە یاسا پارێزراوە. 2. کەس ناچار نییە ئایدۆلۆژیا و ئایین و بیروباوەڕی خۆی ئاشکرا بکات.)[35] بێگومان ئازادی هەڵبژاردنی ئاین یەکێکە لە کارکردە سەرەکیەکانی سیستەمی دیموکراسی و بە مافێکی سەرەتایی دادەنێت[36]

---

[30] مەنوچەهر جەمالی، جیاکردنەوەی سیاسەت لەدین، 2016، چاپی یەکەم، ماڵی وەفایی، سلێمانی، لاپەڕە15

[31] المادة 15 من دستور أوكرانيا لعام 1996 المعدل

[32] الفقرة 2، المادة 10 من دستور ألبانيا لعام 1998 المعدل

[33] المادة 24 من دستور تركيا لعام 1982 المعدل

[34] الفقرة 1، المادة 1، دستور كۆسۆڤۆ لعام 2008

[35] المادة 16، دستور اسبانيا لعام 1978 المعدل

[36] ڕەحمان ئەمیری، بنچینە و بنەماکانی دیموکراسی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2011، لاپەڕە8

## لقی سێیەم، یەکسانی هەل، یەکسانی لەبەردەم یاسا و یەکسانی ڕەگەزی:

پێشەکی دەستوری کۆماری دیموکراتی هیندستان بەنمونە وەردەگرین کە نوسراوە: (ئێمەی گەلی هیندستان بڕیار دەدەین هیندستان وەك کۆمارێکی سەروەر، عەلمانی، سۆسیالیستی، دیموکراسی پێکبهێنین کە بۆ هەموو هاووڵاتیانی مسۆگەر بکات: دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، ئازادی فیکر و ڕادەربڕین و باوەڕ و ئیمان و پەرستش، یەکسانی پێگە و دەرفەت) وە ماددەی 14 لە بەشی مافی یەکسانی هەمان دەستور نوسراوە: (نابێت دەوڵەت یان ویلایەت لە هیچ کەسێك یەکسانی لەبەردەم یاسا یان پاراستنی یەکسانی لەبەردەم لە یاساکانی ناو خاکی هیندستان ڕەت بکاتەوە) وە ماددەی 15ی هەمان دەستور نوسراوە: (دەوڵەت لەسەر بنەمای ئایین، ڕەگەز، مەزهەب، نەتەوە، شوێنی لەدایك بوون، یان هیچ کامیان جیاکاری لە دژی هیچ هاووڵاتییەك ناکات)[37] وە مادده 10 لەدەستوری کۆماری تورکیای عەلمانی لەبارەی یەکسانی ڕەگەزی نوسراوە: (ژن و پیاو مافی یەکسانیان هەیە و دەوڵەت پابەندە بە دڵنیابوون لەوەی کە ئەم یەکسانییە بە کردەوە بەدی دێت و ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ ئەم مەبەستە دەگیرێنەبەر نابێت وەك پێشێلکردنی بنەمای یەکسانی لێکبدرێتەوە)[38] وە ماددەی یەکەم لە دەستوری کۆماری فەرەنسا نوسراوە: یاسادانان یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان لە هەڵگرتنی پلە و پۆستە هەڵبژێردراوەکان و هەروەها ئەو پۆستانەی کە بەرپرسیارێتی پیشەیی و کۆمەڵایەتییان هەیە، بەرەوپێش دەبات.[39]

## لقی چوارەم: دیموکراسیەت و پێداگرتن لەسەر چەمکی دەوڵەتی مەدەنی و هاوڵاتیبوون:

ئامانجی دەوڵەتی مەدەنی قوڵبونەوەیە لە چەمکی "هاوڵاتیبوون" ، فەلسەفەی دیموکراسیش مانای جوداکردنەوەی تەواوە لەنێوان هاوڵاتی بوون و ئایین پەروەری، بە مانایەکی تر هەموو ئیماندارێك هاوڵاتیە بەڵام هەموو هاوڵاتیەك ئیماندار نیە، لەناو کۆمەڵگەی مەدەنی دیموکراسی دا، کەمینە و زۆرینە نیە، یان چەمکی هاوڵاتیبوون یان هیچیتر نیە، یانی دەبێت بنوسرێت: "هاوڵاتیان لەماف وئەرك یەکسانن" ، زۆرینە و کەمینەش دەبێتە چەمکێکی سیاسی لەسەر بنەمای تایەفی و نەتەوەیی و ڕەگەزی نامێنێت، (تۆماس جێفرسۆن) کە بە باوکی دەستوری عەلمانی ئەمریکا دادەنرێت، لێیان پرسی ڕات چیە ئەگەر کەسێکی موحەممەدی(موسڵمان) یان کەسێکی بێ باوەڕ ببێتە سەرۆکی ئەمریکا تۆ دەڵێیت چی؟ ئەویش گوتی: ئاساییە بابێت، گەر گەلی ئەمریکی کەسێکی ئازادیان هەڵبژارد، ئەوا ئێمەش ڕازین،[40] بێگومان ئەو یەکسانیە لە دەوڵەت و دەستورێك نایەتەدی کە ڕەچاوی باوەڕ و ئایینی تاکەکان بکات و ئیعتیباریان بۆ

---

[37] المادة 15/14، دستور الهند، لعام 1949 المعدل.

[38] المادة 10، دستور تركيا لعام 1982 المعدل.

[39] دستور فرنسا لعام 1958 المعدل.

[40] هاشم سالح، لەبارەی دەوڵەتی مەدەنیەوە، 2012، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2012، لاپەڕە 33و34

دابنێت. به پێچەوانەوەش زۆربەی سەرکردەکانی کۆماری تورکیای عەلمانی موسڵمان بوونە تاوەکوو ئێستا، ئەمەش مانای ئەوەیە عەلمانیەت یەکسانی هەل فەراهەم دەکات بەبێ ڕەچاوکردنی بیروباوەڕی هاوڵاتیانی.

## داواکاری دووەم: پەیوەندی نێوان دیموکراسیەت و عەلمانیەت:

دیموکراسی حکومەتێکە کە هەموو شارۆمەندانی، چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێردراویان کەڵك لە دەسەڵات وەردەگرن، کە لەسەر بنەمای دەسەڵاتی زۆرینە و پاراستنی مافە تاکە کەسیەکان و کەمینەکان ڕەنگرێژکراوە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بنەمایەش ناکرێت دەسەڵاتی زۆرینە خۆسەپێن و چەوسێنەر بێت و ماف و ئازادی کەمینە ژێرپێ بنێت، جا ئەو کەمینەیە کەمایەتیە نەتەوایەتییەکان بن یان باوەڕە ئاینیەکان بن... وە یاسای بنەڕەتی (دەستور) سەبارەت بە سیستەمی دیموکراسی یاساکانی بۆ دوو جۆر دابەش دەبن کە ئەرێنی و نەرێنین، ئەرێنیەکان ئەوانەن کە ماف بە پەرلەمان دەدەن بە ئازادی یاسا دەربچوێنن و نەرێنیەکانیش ئەوانەن کە بەربەستن لەبەردەم ئازادی دەسەڵاتی یاسادانان[41] بێگومان لە دەستورە عەلمانیەکان یاسا نەرێنیەکانیان کەمترە بەراورد بە دەستورە ئاوێتەکان کە ڕەنگە شەریعەتی ئاینێك ببێتە بەربەستێکی جێگیری پیرۆز لەبەردەم دەسەڵاتی یاسا دانان لە چوارچێوەی حەڕام و حەڵاڵ، بۆ نمونە مادده 2ی دەستوری کۆماری عێراق کە نوسراوە: یەکەم: ئیسلام ئاینی فەرمی دەوڵەتە، وە سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانانە، أ-دروست نییە یاسایەك دەربکرێت کە لەگەڵ حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام ناتەبا بێت،[42] ، شایەنی باسە زۆرێك لە بیرمەندانی سیاسی بونی دیموکراسی گرێدەدەن بە بونی عەلمانیەتەوە بۆ نمونە محەمەد ئارکۆن دەڵێت: لەناو ئەو هێزانەی کە شەرعیەت بە خۆیان دەدەن بۆ حوکم گرتنە دەست، شەرعیەتی ئاینی بەهێزترین جۆری شەرعیەت بەخۆ دانە کە هێزێکی سیاسی پەنای بۆ ببات، ئەمەش وای لێ دەکات دەرباز ببێت لەو چاودێری و لێپێچینەوانەی کە پێویستە لەسەر هێزێکی سیاسی مارەسە بکرێن، لێرەوە قسە لەسەر زەروریەتی سیستەمێك دەکەین کە ناوی عەلمانیەتە، چونکە شەرعیەتی ئاینی سروشتێکی ئاسمانی هەیە لەوێدا خەتەرە کە ئەو هێزە سیاسیە وەهمی ئەوەی لا دروست ببێت کە لە یەککاتدا نمایندەی هەموو کۆمەڵگا بەسەر یەکەوە بکات و تۆتالیاریەت پەیڕەو بکات، لە کاتێك دا حیزب ئامرازێکی دونیایە و شەرعیەتی ئاینی ئەو سروشتەی لێ دەستێنێتەوە و هەڕەشەیە لەسەر سیستەمی فرە حیزبی[43] هەروەها هاشم ساڵح لە کتێبی (لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنیەوە) نوسیویەتی: هیچ کاتێك دیموکراسی ڕاستەقینە، بەبێ بونی دەوڵەتێکی عەلمانی سەرناگرێت. واتا یەکسانی تەواوەتی بۆ هاوڵاتیان لەڕووی ئەرك و مافەوە بەبێ گوێ دانە ڕەگەز و ئایین و مەزهەب و نەتەوەییانەوە لە سیستەمی دیموکراسی مۆدێرن دا، کە لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری لەدایك بووە، پێش سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی شتێکی مەحاڵ

---

[41] ڕەحمان امیری، بنچینە و بنەماکانی دیموکراسی، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، لاپەڕە7و10و55

[42] المادة 2، الدستور العراقي الدائم لعام 2005.

[43] محمد ئارکۆن، ئاین، عەلمانیەت، فێندەمێنتالیزم، کوردیپیدیا، لاپەڕە 7و8

بوو کە پڕۆتستانیەك بگاتە سەرۆکایەتی حکومەتی فەڕەنسا، لەو سەردەمە دا پڕۆتستانیەکان بە زەندیق و کافر ناودەبران، لەبەر ئەوە تاوەکو کێشەی تایفەگەری چارەسەر نەکرێت فەلسەفەی مۆدێرنی سیاسی شوێنی نابێتەو[44] بەمانایەکی تر ترس هەیە لە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن هێزە بناوژخوازەکان کە ئامانجیان تێکدانی سیستەمی دیموکراسی و فرەیی بێت، بۆ ئەم مەبەستەش عەلمانیەت قەڵغانێکە بۆ پاراستنی دیموکراسی و یەکسانی هاوڵاتیان لە ماف و ئازادیەکانیان، نمونەی دەستوری عەلمانی کۆماری تورکیا کە لە دەروازەی چوارەم بۆ ئەو بنەمایانەی لەتوانا دانین بۆ هەڵوەشاندنەوە، لەماددەی چوارەم نوسراوە: ناتوانرێت بڕگەکانی مادەی یەکەمی دەستوور کە شێوەی دەوڵەت وەك کۆمار پێناسە دەکات، بڕگەکانی مادەی دووەم سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی کۆمار و بڕگەکانی مادەی سێیەمیش ناتوانرێت هەموار بکرێتەوە، هەروەها ناتوانرێت پێشنیارێك بۆ ئەوە پێشکەش بکرێت.[45] ماددەی دوو کە پارێزراوە لە هەموار و هەڵوەشاندنەوە و باسکردنی، نوسراوە: کۆماری تورکیا کۆمارێکی دیموکراتی عەلمانی و کۆمەڵایەتیە.

### باسی دووەم: دەستوری سروشت ئاینی:

ئەم بەشەیان دابەش دەکەین بۆ دوو داواکاری لە یەکەمیان خاسیەتەکانی دەستوری ئاینی دەژمێرین، لێرەدا دەستورێك نادۆزینەوە سروشت ئاینی بێت و دیموکراسی ڕاستەقینە پیادە بکات، بۆیە لە داواکاری دووەم دا باسی نمونەیەك لە دەستوری ئیسلامی دەکەین.

### داواکاری یەکەم: بنەما و خاسیەتەکانی دەستوری ئاینی:

هەرچەندە بەشێك لەو خاسیەتانە لە دەستورە ئاوێتەکانیش دا هەن، بەڵام بە ڕەگەز هی دەستورە سروشت ئاینیەکانن بۆ نمونە:

**لقی یەکەم:** شەریعەتی ئاینێك دەکرێت بە سەرچاوەی یەکەم و کۆتایی دەسەڵاتی یاسا دانان. ئەتوانین دوو نمونە لە دەستوری ئەم وڵاتانە وەرگرین کە دەستوریان ئاینیە، بۆنمونە ماددە پێنجی دەستوری ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان نوسراوە: شەریعەتی ئیسلامی تاکە سەرچاوەی یاسادانانە لە وڵاتدا، هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لە ژێر ڕۆشنایی فێرکارییە بنیاتنەرەکانی ئیسلامدا ڕێکدەخات و بە هیچ شێوەیەك یاسا و بڕیار دەرناچوێندرێت پێچەوانەی بنەما و بنچینەکانی شەرع[46] یان وەك دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم نوسراوە: باوەڕبوون بە ئەڵای تاکوتەنها (هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە ئەڵا) تایبەتمەندی ئەو لە

---

[44] هاشم ساڵح، لەبارەی دەوڵەتی مەدەنیەوە، 2012، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2012، لاپەڕە29و30و31

[45] الباب الرابع، المادة 2و4، دستور تركيا لعام 1982 المعدل.

[46] المادة 5، دستور الامارة الأفغانية لعام 1998 المعدل.

**حوکمڕانی و یاسادانان و پێویستی ملکەچبوون بۆ فەرمانەکەی[47] لەکاتێك دا ئەمەش ئاستەنگی بۆ یاسا ئاساییەکان دروست دەکات تا خۆیان بگونجێنن هاوشانی گۆڕانی سەردەم، بەهۆی بەربەستی چەقبەستووی حوکمە پیرۆزە نەگۆڕەکان.**

**لقی دووەم: هەڵبژاردنی سەردار و گرتنەدەستی دەسەڵات و پرسی سەرۆکایەتی لەم دەستورانە دا تەنها بۆ باوەڕدارانە، بۆ نمونە مادده پێنج لە دەستوری شانشینی سعودیە نوسراوە: سیستەمی حوکمڕانی لە شانشینی سعودیە... پاشایەتییە، ب-حوکمەکە بۆ کوڕەکانی پاشای دامەزرێنەر عەبدولعەزیز بن عەبدولڕەحمان ئەلفەیسەڵ ئەلسعود و کوڕەکانیان دەبێت، بەیعەت بە تواناترینیان دەدات کە بەپێی کتێبی خودای گەورە و سوننەت و پێغەمبەرەکەی حوکم بکات[48].**

**یان مادده 115 لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران کە نوسراوە: سەرۆکی کۆمار لە نێو کەسایەتییە ئایینی و سیاسییەکان هەڵدەبژێردرێت کە ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەیان تێدایە: بۆ ئەوەی بە ڕەچەڵەك ئێرانی بێت؛ دەبێت خاوەنی ڕەگەزنامەی ئێرانی بێت؛ توانای کارگێڕی و بەڕێوەبردنی باشی هەبێت. ڕابردوویەکی باشی هەبێت؛ ڕاستگۆیی و تەقوای تێدابێت. باوەڕدار بە بنەما سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و عەقیدەی فەرمی وڵات بێت.[49]**

**لقی سێیەم: پەروەردە و فێرکردن لەم دەستورانە دا هەوڵی دیندارکردنی ڕوبەری گشتی کۆمەڵگا دەدەن بۆ نمونە مادده 13 لە دەستوری ئەمارەتی ئەفغانستان نوسراوە: میرنشینی ئیسلامی ئەفغانستان هانی فێرکردنی کتێبی عەرەبی (ئاینی) دەدات لە قوتابخانە حکومی و تایبەتەکان، لە ژێر ڕۆشنایی ئاراستەی کۆنی زانایانی باڵای حەنەفی لە وڵاتدا[50]**

**بەهەمان شێوە مادده 13ی دەستوری سعودیە نوسراوە: (فێرکردن ئامانجی چاندنی باوەڕی ئیسلامییە لە دڵی گەنجان و دابینکردنی زانست و لێهاتوویی بۆیان، و ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی بەسوود لە بنیاتنانی کۆمەڵگاکەیان و خۆشویستنی وڵاتەکەیان و شانازیکردن بە مێژووەکەیەوە.) هەرچەندە خزمەتکردنی وڵات بە ئامانجگیراوە. بەڵام ئەم پەروەردە ئایینیە ئینتیما ئاینی دەئافرێنی وەك لە ئینتیمای نیشتیمانی، بۆیەش گەر سەیری وڵاتی سعودیە بکەین دەبینین "بەدرێژایی مێژوو ئەم وڵاتە لەڕێگەی وەهابیزمەوە ساڵانە هەزارەها مرۆڤی توندڕەو تاریکدۆستی بەرهەم هێناوە. ئەم مەلاو بانگخوازە وەهابیانەی سعودیە کۆنتڕۆڵی خیتابی ئاینی و کۆمەڵگایان کردوەو بەردەوام ژەهری کەراهیەت و توندڕەوی دەڕژن و ئاینی ئیسلامیان بە کردەوەو هزر گەیاندە مەترسیدارترین ئاست. هەرچی بزافی توندڕەو و تەرۆریست هەن لەجیهانە بەجۆرێك لەجۆرەکان درووستکراو یا لەژێر کاریگەری و پشتگیری مادی**

---

[47] الفقرة 1، المادة 2، دستور الجمهورية الاسلامية الايرانية لعام 1979 المعدل.

[48] المادة 5، نظام الحكم في السعودية لعام 1992.

[49] المادة 115، دستور الجمهورية الاسلامية الايرانية لعام 1979 المعدل.

[50] المادة 13، دستور الامارة الأفغانية لعام 1998 المعدل.

سعودیەکاندا بوون، جێگەی سەرسوورمان نیە دەمێك دەرکەوت لە ﴿19﴾ ئیرهابی ﴿القاعیدە﴾ کە دووتاوەرەکەی نیۆیۆرکیان تەقاندەوە ﴿13﴾یان گەنجی سعودیە بوون. لەسعودیە، ناوەندە وەهابیەکان خاوەن هێز و بڕیاردەربوون لە هەمووشتێکدا تا ئەو ڕادەیەی پادشاکانی سعودیە نەیاندەتوانی گوێڕایەڵیان نەبن0 [51]

**لقی چوارەم:** ماف و ئازادیە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لەم دەستورانە دا کۆتکراوی شەریعەتی ئاینی دەوڵەتن بۆ نمونە ماددە 25 لە دەستوری سعودیە دا نوسراوە: (دەوڵەت مافی مرۆڤ دەپارێزێت، بە پێی شەریعەتی ئیسلامی.) [52]وە لە ماددە 19ی دەستوری ئەفغانستان دا نوسراوە: (ئازادی مافێکی سروشتی مرۆڤە، بەمەرجێك زیان بە ئازادی و کەرامەتی ئەوانی تر و سودی گشتی و ئاسایشی گشتی، بەرژەوەندی گشتی، یان بنەما و بڕیارەکانی ئیسلام نەگەیەنێت.)[53]

**لقی پێنجەم:** زاڵکردنی مەزهەبێکی ئاینی لەدەستور دا، وەك ماددە 4 لە دەستوری ئەفغانستان نوسراوە: (ڕێبازی حەنەفی، ڕێبازی فەرمی ئەفغانستانە.)[54] بۆیەش ئەزموونی وڵاتانی دەستور ئاینی کێشەی ناکۆکی مەزهەبیان قوڵتر کردووە، بە نمونە گەر چاوێك بە ڕابردووی ژیانی هاوڵاتیانی ئێران و سعودیە دا بخشینینەوە:

**یەکەم: شیعەکانی سعودیە:** کەمینەیەکی مەزهەبین، هەرکاتێك جەنگێکی تایفی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودات شیعەکانی سعودیە ترسی پاکتاوی ڕەگەزی لە دەرونیان چەکەرە دەکات، بۆ نمونە ساڵی 2015 بەهۆی کێشەکانی یەمەن و سەرکردایەتیکردنی هێرشی ئاسمانی دژ بە حوسییە شیعە مەزهەبەکانی یەمەن لەلایەن سعودیەوە، شەپۆلی دژایەتەیکردنی شیعە لەلایەن سوننەکانەوە دەستیپێکرد و بە کافر و ناپاك و گۆڕپەرست ناوزەندیان دەکردن، شیعەکانی ئەو وڵاتە باس لەوە دەکەن ئەوان پێش هەموو شتێك وڵاتەکەی خۆیان بەلاوە گرنگە، بەڵام لەلایەن بەشێك لە سوننەکانەوە وەك دوژمن سەیردەکرێن، چونکە ئەو جەنگەی یەمەن وایکردووە بۆچوونی سوننەکان بەرامبەر ئەوان بگۆڕێت و لەناو خەڵکیدا بیری تایفی گەشەی کردووە، لەساڵی 2011 شیعەکانی سعودیە لە قاتیف لە رۆژهەڵاتی سعودیە، چەند جارێك هەوڵی خۆپیشاندانیان دا دژ بە پەراوێزخستنیان و داوای ریفۆرمیان دەکرد لە حکومەتدا، بەڵام هەر زوو لەلایەن پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکانی سعودیەوە دامرکایەوە، دواتر لە 2012 جارێکی دیکە شیعەکان دەستیان بە خۆپیشاندان کردەوە، لەماوەی ئەو دوو ساڵەشدا لە خۆپیشاندانەکاندا 13 کەس کوژران ئێستا لەگەڵ کێشەکانی یەمەندا شیعەکانی ئەو ناوچەیە لە هەموو کات زیاتر ترسیان لە پەراوێزخستنیان و دانانی فشاری زیاتریان

[51] گۆران هەڵەبجەیی، بۆ لەتیف سەلەفی، ئەو وێنە حەرامانەت لێ دیارە؟، 2024/1/4، ماڵپەڕی 2024/1/10speemedia

[52] المادة 25، نظام الحكم السعودي لعام 1992.

[53] المادة 19، دستور الامارة الأفغانية لعام 1998 المعدل.

[54] المادة 4، دستور الامارة الأفغانية لعام 1998 المعدل.

**هەیە لەلایەن حکومەتەوە،[55]  جێی ئاماژەیە لە ساڵی 2017 ەوە توندوتیژیەکان لە قەتیفی ڕۆژهەڵاتی سعودیە دەستی پێکردەوە دوای ئەوەی هێزەکانی ئاسایشی سعودیە هەڵمەتێکیان دەستپێکرد دژی چەکدارە شیعەکانی ناوچەکە قەتیف کە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت و ژمارەیەکی زۆر شیعەی تیایدا دەژی، ڕووبەڕووی گرژیی بۆتەوە لەنێوان حکومەتی سعودیە و شیعەکانی ئەو ناوچەیە کە سعودیە تۆمەتبار دەکەن بە ئەنجامدانی پاکتاوی ڕەگەزی دژیان.[56] ئەمەش سەرەڕای ڕێگری و سەرکوت کردنی کەمینەکانی تر لە ئازادیخوازان.**

**دووەم: سونەکانی ئێران: سوننەکانی ئێران ڕێژەی7٪تا ٪10ی دانیشتوانی ئێران پێکدێنن، بەدەر لەوەی هیچ سونەیەك بەپێی دەستور ناتوانێت ببێتە سەرۆك کۆمار، لە دوای شۆڕشی 1979ەوە تا ئێستا هیچ سوننەیەك وەك وەزیری حکومەت لە ئێران دانەنراوە و تەنانەت لەو پارێزگایانەشدا کە ژمارەی دانیشتووانی سوننە زۆرینەن، وەك پارێزگاری یان سەرۆك شارەوانیش هەڵنەبژێردراون، ئەمەش بەهۆی گومانکردنە لەدڵسۆزی سونەکانی ئەم وڵاتە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، سونەکانی ئێران ڕەخنەی قەدەغەکردنی ئەدەبیاتی سونە دەگرن لە قوتابخانە حکومیەکان، سەرەڕای ئەوەش لە تاران بە ئاشکرا ڕێگری لە دروستکردنی مزگەوت دەکرێت و لە ناوچە سوننە نشینەکانیش بەربەست و تەگەرەی دەخرێتە بەردەم، ئەمەش لەدوای هەڵکوتانە سەر بۆنە و کۆبوونەوە گشتی و تایبەتی سونیەکان لەلایەن پۆلیسی ئێرانەوە، هەروەها بەهۆی ئەو گومانبردنانە دەزگا هەواڵگریەکان چاودێری چڕی سەرکردە ئایینیە سونیەکان دەکەن، بێکاری لە پارێزگا سوننیەکانی وەك بەلوچستان و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەڕێژەیەکی بەرز دایە، حکومەت ئەو ناوچانەی پشتگوێ خستووە و مین و تەقەمەنی، شوێنەواری جەنگی عێراق و ئێرانی لێ ماوەتەوە، دەسەڵاتی دادوەری ئێرانیش لەم تایفەگەریە پشکی شێری بەرکەوتووە، زۆرینەی زیندانیە سیاسیەکانی ئێران سونین و تۆمەتبار دەکرێن بە پەیوەندی کردن بە گروپە تیرۆرستیەکان یان بە تاوانی "دوژمانیەتی خودا" سزا دەدرێن، زۆرجاریش بەتۆمەتی ناڕوون سوننیە کورد و بەلوچیەکان لەسێدارە دەدرێن. [57]**

---

[55] ڕوداو-ئاژانس، کێشەکانی یەمەن دەبنە فشار بۆ سەر شیعەکانی سعودیە، 2015/4/9، ماڵپەڕی ڕوداو نیت، 2024/1/10

[56] دەنگی ئەمریکا، لە ئەرکێکی ئاسایش لە سعودیە دوو کەس کوژران، 2019/9/1، ماڵپەڕی دەنگی ئەمریکا، 2024/1/10

[57] Andrew Lumsden, myth vs. Fact: iranian suni's muslim, October/ 17 2019/ American iranian, council, 2024/1/10

## داواکاری دووەم: نمونەیەك لە دەستوری ئیسلامی:

لەبەر ئەوەی جۆرەها شێواز و دید بۆ ئاینی ئیسلام و بنەماکانی هەیە لەلایەن موسڵمانانەوە، بۆیە ناتوانین هیچ دەستورێك بە دەستورێکی یەکگرتوو و گفتوگۆبڕ دابنێین وەك ئایکۆنێکی یاسایی و ئاینی بۆ ئیسلام، سەرەنجام ناچارین نمونەیەیەك لە (جاڕی دەستوری ئیسلامی) دکتۆر عەلی جەریشە وەك نمونە لە دەستوری ئیسلامی وەربگرین و هەندێ خاسیەت لە بەند و بڕگەکانی بژمێرین، هەرچەندە ئەمە نمونەیە نەك نمونەیی، و ڕاسپاردەیە بۆ وڵاتانی عەرەبی، ئەمەش واتای ئەوەیە مەرج نیە نواندنی ڕاستەقینەی بنەماکانی ئیسلام بکات.

**لقی یەکەم:** لە ماددەی دووەم چەمکی هاوڵاتی بوون گۆڕدراوە بۆ چەمکی "ئومەتی ئیسلام" کە نوسراوە: ئومەتی ئیسلامی یەك ئومەتە، باشترینیان لە چاوی خودا خواپەرستترینە، بەربەستی سنوور و نەتەوە و تایفەگەری دەڕوخێت و زمانی عەرەبی دەبێتە زمانی فەرمی، دەوڵەتیش کار بۆ بەرەو پێشبردنی دەبات؛ ئەمەش لەکاتێك دایە هەموو موسڵمانێك لەتەك ئەوانی تر بەپێی چەمکی مۆدێرنی "هاوڵاتی" بە هاوڵاتی هەژمار دەکرێت بەڵام نا موسڵمان بەشێك نیە لە "ئومەتی ئیسلام" وە باوەڕدارانی وڵاتی تریش بەشێکن لە ئومەت.

**لقی دووەم:** ئەم نمونەیە فرەیی و لێبوردەیی و ڕای جیاواز ڕەت دەکاتەوە بە بەڵگەی ماددە یەکی ڕاگەیێندراوەکە کە نوسراوە: ئیسلام ئایینی دەوڵەتە، باوەڕەکەی پارێزراوە، شەریعەتەکەی ئەرکە، شەرعیەتەکەی لە سەرووی هەموو دەقەکانەوە باڵادەستە و سەرچاوەی سەرەکییەکەی وەحییە: قورئان و سوننەت و هەر پێچەوانەیەك، ڕەتکراوە و پووچەڵکراوە.

**لقی سێیەم:** باوەڕ مەسەلەیەکی گشتیە و کەسی نیە، بە بەڵگەی ماددەی 34ـی ڕاگەیێندراوەکە کە نوسراوە: (کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ئیمان دامەزراوە و دەپارێزرێت، شەریعەت حوکم دەکات و دەپارێزرێت، بە هەموو شێوەیەك ڕێگری لە داگیرکاری فیکری دەکرێت و کەلتووری سودبەخش بڵاودەکرێتەوە) بەڵام لەئێستایا بیروباوەڕی نوێی زۆر سەری هەڵداوە هەتا لەنێو ئاینپەروەرانی یەك ئاین، بۆیە ڕون نیە مەبەستی کام باوەڕە، لەدوای گەشەکردنی مۆدێرنتە و کۆمەڵگای مەدەنی، بیری بێ باوەڕیش یەکێکە لەوانە کە گەشەیکردووە لە وڵاتانی عەرەبی و کۆمەڵگا ئیسلامی، جگە لەوەش ڕون نیە کە چ بیروبۆچونێك بە داگیرکاری فکری دادەنرێ و پێوانە چیە بۆ ڕێگری کردن، بۆیە بە پێی ئەو ماددەیە بێت پێویستە باوەڕ هەبێت و شایەنی پاراستنە ئەمەش لەکاتێکدایە کە ناتواندرێت بوونی باوەڕ و جۆری بسەلمێندرێت چونکە باوەڕ گوزارەییە و ناکەوێتە بەر هەستی تاقیکردنەوە و بینین.[58]

---

[58] علی جریشە، إعلان دستور إسلامی، النادی الشبابیە، مدینە، 1984، ص5 و 9

## باسی سێیەم: دەستوری سروشت ئاوێتە

ئەم بەشەشیان دەکەینە دوو داواکاری، لە داواکاری یەکەم دا باسی خاسیەتەکانی دەستوری ئاوێتە دەکەین و لە داواکاری دووەم باسی پەیوەندی ئەم جۆرە دەستورە لەگەل دیموکراسی دەکەین .

**داواکاری یەکەم:** دەستوری ئاوێتە لەو جۆرە دەستورانەیە کە هەم بنەمای عەلمانی تێدایە و هەم بنەمای ئایینیش، هەڵوێستێکی دیاریکراوی نیە سەبارەت بە پێگەی ئایین لە دەوڵەت دا و ڕۆڵی لە یاسادان، بۆیە زۆر جار لەلایەن ڕەوتە ئاینیەکان بە دەستوری عەلمانی تۆمەتبار دەکرێت و لەلایەن ڕەوتە ئازادیخوازەکان بە دەستورێکی نیمچە ئاینی یان ئاینی تۆمەتبار دەکرێت، ئێمەش خەسڵەتەکانی دەژمێرین بەپێی دەستوری ئەو وڵاتانەی کە ئەم جۆرە دەستورەیان هەیە:

**لقی یەکەم:** ئەم جۆرە دەستورە هەڵوێستیان سەبارەت بە ئایین و باوەڕی دەوڵەت هەڵوێستێکی تەوافقیە لەنێوان دونیایی و ئایینی، بۆ نمونە ماددە دووی دەستوری عێراق نوسراوە: (یەکەم: ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە، وە سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانانە: و- دروست نییە یاسایەك دەربکرێت کە لەگەڵ بنەما جێگیرەکانی شەریعەتی ئیسلامدا ناکۆك بێت، ب- دروست نییە یاسایەك دەربکرێت کە لەگەڵ بنەکانی دیموکراسیدا ناکۆك بێت ج- دروست نییە یاسایەك دەربکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە سەرەتاییانەی کە لەم دەستوورەدا هاتووە)[59]

لێرەدا شەریعەتی ئایین سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانانە بەڵام کۆتا سەرچاوەش نیە بەڵکوو لەگەڵی دا دەسەڵاتی یاسادانانێکی کۆتکراو هەیە کە ناکرێت یاسایەك دەربکات پێچەوانەی حوکمە جێگیرەکانی شەریعەتی ئایینێك بێت، لێرەدا ئاین وەك سەرچاوەی یاسای دانراو سروشتێکی ئاینیە و دیموکراسی و پەرلەمانیش لەگەڵی بۆ هەمان مەبەست سروشتێکی دونیایی هەیە، لەگەڵ ئەوەش دا ناکرێت یاسایەك دەربکرێت پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی بێت، لەم دەقە پێکدادانێکی میتۆدی دەردەکەوێت، چونکە دەکرێت حوکمە جێگیرەکانی شەریعەتی ئیسلام پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی بێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە، سەرەڕای ئەوەی لە دەروازە دا عێراق وەك وڵاتێکی دیموکراتی ناسێندراوە، ئەو ئەزمونە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لەدوای یەك دوبارەیان کردۆتەوە، هەرێمی کوردستانیش لە ماددەی شەشی (پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان-عێراق) هەمان ڕێچکەی بەکارهێناوە. بێگومان ئەو ماددەیە وەك ڤیتۆیەکی دەبێت لەدەستی هێزە بناوژخوازەکان بۆ ڕەتکردنەوەی هەر پرۆژە یاسایەك کە پێشکەشی دەسەڵاتی یاسادانان بکرێت بە پاساوی ئەوەی ناگونجێت لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتی ئایینێك، لەکاتێك دا ڕوانین بۆ شەریعەت لەلایەن تاکەکانەوە جیاوازە و یەکانەیی نیە بەجۆرێك هەموو گەل پیادەی بکات، بەهۆی ڕێباوەڕی ئاینپەروەری جیاواز لەیەکتر.

---

[59] المادة 2، الدستور العراقي الدائم لعام 2005.

**لقى دووەم:** پرسی سەرۆكایەتی، پرۆسەیەكی عەلمانی ئاسایە بەڵام وەك دەستوری ئایینی مەرجی ئایینپەروەری تێدایە، بۆ نمونە برگەی دووەمی ماددەی 41 لە دەستوری پاكستانی نوسراوە: (هیچ كەسێك مافی ئەوەی نییە بۆ سەرۆكایەتی كۆماری كاندید بكرێت، مەگەر موسڵمان نەبێت و لانی كەم تەمەنی چل و پێنج ساڵ بێت و بڕوانامەی خۆكاندیدكردنی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی هەبێت) هەرچەندە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار پشت بە هەڵبژاردن دەبەسترێ وەك ئەوەی لە دەستورە عەلمانیەكان هەیە، بە بەڵگەی بڕگەی سێیەم لە ماددەی 41 كە نوسراوە: سەرۆك بە پێی بڕگەكانی خشتەی دووەم هەڵدەبژێردرێت، و بە هەڵبژاردن هەڵدەبژێردرێ لەلایەن كۆمەڵەی هەلبژاردن كە پێكدێت لە ا-ئەندامانی دوو ژووری ئەنجومەنی شورا (پەرلەمان) ب-ئەندامانی ئەنجومەنی ناوچەیی. دەستوری پاكستان بە مانا زاراوەیەكەی دەستورێكی ئایینی نیە و ئاوێتەیە، چونكە لە دەروازە دا نوسراوە: (بنەماكانی دیموكراسی، ئازادی، یەكسانی، لێبوردەیی و دادپەروەری زاڵن، وەك ئەوەی ئیسلام دانی پێدا ناوە)[60] ئەمەش دوبارە بۆتەوە لەمادە 74ی دەستوری تونس كە نوسراوە: (خۆكاندیدكردن بۆ پۆستی سەرۆك كۆمار مافی هەر دەنگدەرێكی نێر یان مێیە كە لە لەدایك بوونیەوە ڕەگەزنامەی تونسی هەیە و ئایینەكەی ئیسلامە) ئەمەش كاتێك لە لەدەروازەی یەكەم بەشی سێیەم نوسراوە: (گەل هەڵگری سەروەری و سەرچاوەی دەسەڵاتەكانە، كە لە ڕێگەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە یان لە ڕێگەی ڕاپرسیەوە پیادە دەكەن.) سەرەڕای ئەوەی دەستوری تونس جەخت لەسەر چەمكی"دەولەتی مەدەنی" دەكاتەوە لە بەشی دووەمی دەروازەی یەكەم كە نوسراوە: (تونس دەوڵەتێكی مەدەنییە، لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و ئیرادەی گەل و باڵادەستی یاسا دامەزراوە.)[61] بەڵام باوەڕ جیا و ئاینپەروەرانی تر مافی دەنگدانیان هەیە وەك هەر دەستورێكی عەلمانی، مافی خۆكاندیدكردنیان نیە وەك دەستورە ئایینیەكان.

**لقى سێیەم:** كاریگەریان بەسەر یاسادانراوە ئاساییەكان، یاساكان تێكەڵەیەكن لەو دوو ئاراستەیە بەوپێیەی یاسا ئاساییەكان لەچوارچێوەی سیاسەت سیستەمی حوكمڕانی لەلایەن دەستورەوە ئاراستە دەكرێن، لە عێڕاق جگە لە یاسای باری كەسی، بۆ نمونە یاسای شارستانی عێڕاقی لەماددەی یەكەم بڕگەی دووەم نوسراوە( ئەگەر دەقێكی یاسایی نەبوو كە بتوانرێت جێبەجێ بكرێت، دادگا بەپێی عورف حوكم دەدات، ئەگەر ئەوە بوونی نەبوو، ئەوا بەپێی بنەماكانی شەریعەتی ئیسلامی كە گونجاون لەگەڵ بڕگەكانی ئەم یاسایە، بەبێ گرتن بە مەزهەبێكی دیاریكراو ئەگەر نەبوو، ئەوا بەپێی بنەماكانی دادپەروەری.)[62] ئەمەش لەكاتێك دا زۆر دەقی ئەو یاسایە كاریگەرە بە شەریعەتی ئیسلام، ئەگەر ئەم دوو یاسایە بەراورد بكەین بە (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی) كە ماددەی دووەم بڕگەی یەكەم چەند نمونەیەكی بە تاوان ژماردووە بۆ نمونە: ( 2. هاوسەرگیری ژن بە ژن و بە شوودانی بچووك،

---

[60] المادة 41، دستور باكستان لعام 1973 المعدل.

[61] المادة 74، الباب الأول، دستور تونس لعام 2014.

[62] ماددەی1، یاسای شارستانی عێڕاقی ژمارە 40ی ساڵی 1958ی هەمواركراو

7.خەتەنەکردنی مێینە، 12. لێدانی تاکەکانی خێزان و منالآن بەهەر بیانوویەك)[63] زیاتر سیمایەکی تاکپەروەری سەردەمی هەیە و بە ڕای بەشێك لە موسڵمانان ماددەکانی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە. هەرچەندە وەك یاسای باری کەسی و یاسای شارستانی لەژێر باڵی دەستوری عێراق دەرچوێندراوە.

**لقی چوارەم:** ناڕونی ماف و ئازادیە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لە دەستوری سروشت ئاوێتە، ماف و ئازادیە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لەم جۆرە دەستورانە دا ڕون و ڕاشکاو نین، دەستورە سروشت ئاینیەکان بەڕونی ماف و ئازادیەکانیان دیاری دەکەن و بەهەمان شێوە دەستورە دونیاییەکانیش، گەرچی سنوری ماف و ئازادیەکان لەو دوو جۆرە دەستورە زۆر جیاوازە، بەڵام ڕاشکاو و دیاریکراون. کە سەیری دەستوری سروشت ئاوێتە دەکەین جۆرێك لە ماف و ئازادیت پێ دەدات بەڵام سنورداری دەکات بە ماددەیەکی تری دەستوری یان ئاسایی کە ڕێڕەوی دەستوریەتی وەرگرتووە، بێگومان ئەگەر ناکۆکی ئاراستەیی دروست نەبێت لەنێوان هەردوو ماددە، بۆ نمونە ماددەی 42ی دەستوری عێراق نوسراوە: (هەر تاکێك مافی ئازادی بیر و باوەڕەی هەیە)[64] کەچی لە برگەی یەکەمی ماددەی 26 لە یاسای کارتی نیشتیمانی عێراقی نوسراوە: (دەکرێت کەسێکی نا موسڵمان ئاینەکەی بگۆڕێت بە پێی یاسا.)[65] لەکاتێك دا هیچ دەقێك نیە لەو یاسایە ماف بە موسڵمانان بدات ئاینەکایان بگۆڕن، و بە شیکردنەوەی ئەو مادەیەش دەردەکەوێت کە موسڵمانان ئەو مافەیان نیە، کەواتە یاسا ئاساییەکە پێچەوانەی ماددەیەکی دەستوریە کە ئاماژەی بە ئازادی بیر و باوەڕ داوە، یان ماددە 3ی دەستوری یەمەن نوسراوە: (شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەی هەموو یاسادانانێکە) بەڵام لە ماددەی 6ی هەمان دەستور نوسراوە(دەوڵەت جەخت لە جێبەجێکردنی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و میساقی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی و ڕێساکانی یاسا نێودەوڵەتییە دانپێدانراوەکانی بە شێوەیەکی گشتی دەکات.)[66] ئەمەش پێکدادانێکی تری ئاراستە و بیرۆکەی جیاوازە لەناو دوو ماددەی یەك دەستور دا و پشێویان دروستکردووە بۆ زانینی چۆنیەتی ماف و ئازادیە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیان.

**داواکاری دووەم: پەیوەندی نێوان دەستوری سروشت ئاوێتە و دیموکراسی:**

هەرچەندە لە باسی یەکەم لقی دووەم باسی کێشەی دەستوری عێراقمان کرد لەگەڵ دیموکراسی باسی ڕێسا نەرێنیەکانمان کرد کە لە یاسای بنچینەیی بەربەستن لەبەردەم دەسەڵاتی یاسادانان[67] بەڵام پەیامی دیموکراسی بەرجەستەکردنی فرەییە. جۆراوجۆری ڕێکخراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوریەکان و کۆمەڵە جیاوازەکان ڕەنگدانەوەی

---

[63] ماددەی 2 برگەی یەکەم، یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە 8ی ساڵی 2011

[64] المادة 42 ، الدستور العراقي الدائم لعام 2005.

[65] ماددە26، یاسای کارتی نیشتیمانی ژمارە3ی ساڵی 2016

[66] المادة 3و6 ، دستور الجمهورية اليمنية لعام 1994.

[67] لاپەڕەکانی پێشوو.

**ویستی دیموکراسیە لە کۆمەڵگای مەدەنی، هەربۆیە پێچەوانەی کۆمەڵگای تۆتالیار(یەکانەیی) کۆمەڵگایەك کە ئازادی دەخوازێ پێویستە کۆمەڵگایەکی فرە ڕەنگ و پلوڕالیست بێت وە گرنگایەتی ئازادی تاکەکەسیش لە سیستەمی دیموکراسی دا مانای کارنەکردنە بە یاسا ئاسمانیەکان،[68] بەڵام دەبینین لە دەستوری سروشت ئاوێتە کە زۆرێك لە وڵاتەکان خۆیان بە دیموکراتی و شێوەکانی دەنوێنن، لەگەڵیان دا شەریعەتی ئاینێکیش سەرچاوەی یاسادانانە. بۆنمونە:**

**دەستوری میسڕ کە لە دەروازە دا بە دیموکراتی دەناسێنێت، لەهەمان کات دا لەماددەی 2ی هەمان دەستور نوسراوە: (ئیسلام ئایینی دەوڵەتە، عەرەبی زمانی فەرمییە، بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیش سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانن.)[69]**

**زۆرجار لە دەستوری سروشت ئاوێتە بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە ڕێژەی موسڵمان زۆرن، چەمکی "ڕاوێژ" و دیموکراسی تێکەڵ دەکرێن بەڵام هاشم ساڵح لە کتێبی(لەبارەی دەوڵەتی مەدەنیەوە) نوسیویەتی: چەمکی ڕاوێژ جیاوازە لەگەڵ دیموکراسی بەو پێیەی کە ڕاوێژ تەنها بۆ هاوەڵانە و بۆ هەموو موسڵمانان نیە ئەمەش جگە لەوەی نا موسڵمان ئەو مافەی نیە،[70].**

**بەڵام زۆرجار ئەم دوو چەمکە بۆ ڕازیکردنی موسڵمانان و ئازادیخوازان تێکەڵدەکرێن بۆ نمونە دەستوری پاکستان کە باسی پەرلەمان دەکات بەم شێوەیە ئاماژەی پێ دەدات لە بڕگەی سێیەمی لقی یەکەم لە بەشی یەکەم: ئەنجومەنی شورا (پەرلەمان) دەتوانێت بەپێی یاسا دەوڵەت یان هەرێمەکانی تر بخاتە پاڵ یەکێتیەکەوە، بەو مەرج و ڕێسایانەی کە بە گونجاو دەزانێت[71] دەبینین وەك هاوواتا مامەڵە لەنێوان هەردوو زاراوەی دیموکراسی و ڕاوێژ کرراوە.**

---

[68] مەهدی مەهرپەروەر، دیموکراسی و فیدراڵیزم(کۆمەڵێك وتار)، 2009، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، لا 54

[69] المادة 2 ، الدستور المصري لعام 2014 المعدل.

[70] هاشم ساڵح، لەبارەی دەوڵەتی مەدەنیەوە، 2012، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2012، لاپەڕە29

[71] الفصل الأول، الفرع الأول، الفقرة الثالثة ، دستور باكستان لعام 1973 المعدل.

## کۆتایی

پاش خوێندنەوە وشیکردنەوە وڕاڤەکردنی بابەتی توێژینەوەکەمان، گەیشتینە چەندین دەرئەنجام و ڕاسپاردەیەك، کە جا دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە کورتی بکەینەوە:

### یەکەم: دەرئەنجامەکان

لەژێر ڕۆشنایی و چوارچێوەی خوێندنەوەی ئەو مادده دەستوریانە(یاسا بنچینەییەکان) و لێکەوتەکانیان، کە باسمان کردن، گەشتین بە کۆمەڵێك دەرئەنجام و وەڵامیش بۆ پرسیاری توێژینەوەکەمان.

1- بەو پێیەی ئازادی هەڵبژاردنی ئاین و بیر و ویژدان، دروشمە ئاینیەکان، پەرستش، دروستکردنی پەرستگە، یەکێکە لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی دەستوری سروشت عەلمانیەکان، کەواتە باشترین زەمینە دەڕەخسێنێ بۆ ئایینپەروەران تا مارەسەی ئاینپەروەری خۆیانی تێدا بکەین، بەبێ ڕەچاوکردنی شێواز، چۆنیەتی، دیدی ئاییني، لەپێناو هێنانەدی لێبوردەیی و فرەیی، گەر سەیر بکەین لە ئێستایا وڵاتانی دەستور سروشت عەلمانی بەبێ جیاوازی کلێسا و مزگەوت و پەرستگەی جیاوازی لێ دروست دەکرێت لەلایەن ئایین پەروەران تەنانەت لەهەندێك وڵات پاڵپشتی داراییشیان دەکرێت، لەمڕۆ دا شێوازی ئاین پەروەری لەناو یەك ئایین دا هەمەجۆرە، تەنانەت لەناو ڕێبازێکیشیان جۆراوجۆری لە شێوازی پەرستش و دید بۆ خودا و پرۆگرامەکانی ئایین هەیە، گەر بە نمونە ئایینی ئیسلام وەربگرین سەرەتا دابەشبونێکی سەرەکی هەیە لەنێوان ڕێبازی شیعە و سونە، پاشان ئەوانیش دابەش دەبن لەنێوان بۆچوون و شیکردنەوەی زانایان لەسەر دەقی کتێبی پیرۆزی قورئان، بێگومان لەناو بیریارانی سەر بەو زانایانەش دابەشبوون هەیە، لە ئێستاش دا کۆمەڵگای کوردی دەیان ڕەوتی ئاینی سیاسی و ئاینی کۆمەڵایەتی تێدایە گەر تیژ نەبن لەگەڵ یەك ئەوا دۆست نین تا ئەو ڕادەیەی یەکتر تەکفیر نەکەن، کەواتە گەر قەرار وابێت دەستور سروشتێکی ئاینی هەبێت، جگە لە ڕەچاوکردنی مافی بیر و باوەڕ جیاکان، ئەبێت پرسیار لەخۆی بکات کە ئاخۆ کام شێوازی لێکدانەوە بۆ ئایین ئەو شێوازەیە کە هەموو یان زۆرینەی ئاییپەروان کۆك بن لەسەری، و دژایەتی نەکرێت و نەبێتە هۆی ناڕەزایەتی، لانی کەم ئایینپەرەوانی ئاییني ناوبراو لەسەری پێك بێن.

2- دەستوری سروشت ئاییني زیاتر ئینتیمای ئاییني بۆ هاوڵاتیانی دروست دەکات وەك ئینتیمای نیشتیمانی بۆ دەوڵەتی نەتەوە، کە ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی سنورە کارگێڕیە ئاینیەکان لە ئیمپڕاتۆریەت و خەلافەت، هەرچەندە دەستوری سروشت ئاوێتەش ئەوەی پێ چارەسەر نەکراوە، بە شێوازێکە کە دەردەچێت لە سنوری دەوڵەت بۆ نمونە هاوسۆزی شیعەکانی ئێران بۆ شیعەکانی سعودیە، یان شیعەکانی عێراق بۆ شیعەکانی ئێران، وە لە سعودیە شیعەکان فەرامۆشکراون بەهۆی ئینتیمای دەوڵەت و کۆمەڵگای سعودی بۆ ڕێبازی سونە، لەکاتێك دا بەپێی چەمکی مۆدێرنی "دەوڵەتی نەتەوە" شیعەکانی سعودیە بە نەتەوەی سعودی ناودەبرێن و هاوڵاتی سعودین، لەئاکام دا لەجیاتی

ئاودانی کۆمەڵگای مەدەنی، پەرتەوازەیی و ئاژاوە و شۆڕشی چەکداری سەرهەڵدەدات بەو بیانووەی دەوڵەت هی هەمووان نیە، بەڵام گەر بارودۆخەکە بەراورد بکەین بە کۆمەڵگای ئەمریکی، سەرەڕای ئەو هەموو هێرشە تیرۆرستیە دەبینین مزگەوت و حوسەینیە و کڵێسای بێ جیاوازی لێ دروست دەکرێ و ئایینپەروەرانی ئەویش شانازی بە ئەمریکی بوونی خۆیانەوە دەکەن، ئامادە نین دەستبەرداری ڕەگەزنامەکانیان بە بیانووی نەبوونی ئازادی ئایینی، بۆیەش کۆچی بەلێشاو لە لایەن هاوڵاتی وڵاتانی دەستور سروشت ئاوێتە و ئاینی بۆ وڵاتانی دەستور عەلمانی بەردەوام لەزیادبوون دایە و داوای لانیکەم مافی پەنابەریەتی دەکەن.

3-دەستوری سروشت عەلمانی دەوڵەت بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی ئاشنا دەکات، کە پەیکەری خزمەتکردنی هاوڵاتیانە، و دامودەزگاکانی دەوڵەت، بە ئاراستەی ئاکاری دونیایی بەرژەوەندی هاوبەش کار دەکەن و بەیەکسانی خزمەتی هاوڵاتیان دەکەن بەبێ هەر ڕەچاوکردنێکی ئایینی و ڕەگەزی، ڕەچەڵەکی... دەزگا و یاساکانی دەوڵەت دادەماڵدرێ لە پیرۆزیە ڕەها ئاسمانیەکان، بەو پێیەی دەوڵەت ئایینی فەرمی نیە و ئایین مەسەلەیەکی تایبەتی کەسیە، ئەمەش ڕوحی دەوڵەتی نەتەوەیە کە دەخوازێت هاوڵاتیبوون پێوەربێت، و ڕەوایەتی دانە بە دیموکراسی تا دەسەڵاتی گشتی و دەزگاکانی بەڕاستی هی گشت گەل و نەتەوە بێت، بێگومان ئەمەش پێچەوانەی وڵاتانی دەستور سروشت ئایینیە کە دەسەڵات قورغکراوە لەلایەن کەمینەیەکی ئایینی، وە تێیدا ناڕازی لە سیاسەتی دەوڵەت تەنها بە ناڕازی ناو نابرێت بەڵکوو بە ناڕازی لە ئایینیش هەژمار دەکرێت و سزای ئایینیش دەدرێ، هەندێ جاریش چونکە دەوڵەت خۆی لە گوزارشتێکی ئایینی دەنوێنێت هاوڵاتیان لە ئایینی ناوبراویش هەڵدەگەڕێنەوە لە ئایینەکەیان، بۆ نمونە وڵاتی ئێرانی ئێستا کە دەستورەکەی ئایینیە، ڕێژەی بێباوەڕی بەرزترە بەراورد بە سەردەمی حکومەتەکەی پێشخۆی کە هاوڵاتیان لانی کەم ئازادی ئایین و پەچە خستنە سەریان هەبوو!

3- ئەو دەستورانەی کە بنەمای عەلمانی و ئاینی تێدایە، ئێمە پێمان وت "دەستوری سروشت ئاوێتە" جا بنەماکانی زیاتر عەلمانی بن یان ئایینی، لە هەردوو بار دا گرێنتی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی ناکەن لەبەردەم پەرتەوازەبوون و لێکترازان، و خزمەت بە لێبوردەیی ئایینی ناکەن، لەبەر ئەوەی ماف و ئازادیە سەرەتاییەکان ناڕوونن و هێشتا بوار هەیە بۆ هێزە سیاسیە بناوژخوازەکان، کە وەك بەربەرست بوەستن لەبەردەم دەسەڵاتی یاسا دانان و لەو دەزگایە بمێننەوە بە بانگەشە و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ئایینی، گوایە ناهێڵن یاسایەك دەربچوێندرێت کە پێچەوانەی ئایینی دەوڵەت بێت، لە کاتێك دا لە دەستور مۆڵەت بە دەرچواندنی یاسای دونیایی و سەردەمیش داوە، ئەمەش دەبێتە هۆی پێکدادانی دۆگمایی، و لەلایێك بەکارهێنانی ئایین بۆ بانگەشەکانی هەڵبژاردن تەنانەت لەلایەن ڕەوتە مەدەنیەکانیشەوە.

4- وەك ڕونکردنەوە، هەندێ دەسەڵات هەن دیکتاتۆر و تاکرە و تۆتالیار خوازن، لێرەدا سیستەمی حوکمڕانیان هەر جۆرێك بێت و هەڵوێستی دەستوریان سەبارەت بە ئاین هەر کام جۆریش بێت ئەوە کاریگەری نابێت بەسەر ئامانجی

فراوانخوازی و مانەوە، یان مەرامی دیکتاتۆری، وە لە کۆمەڵگای هەموو وڵاتێکیش کەم تا زۆر ڕەگەزپەرستی هەر هەیە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئاماژەی پێ بدەین ئاخۆ کام جۆر دەستور، کەمتر بواری هێشتۆتەوە بۆ ڕەگەزپەرستی ئایینی، یان سیاسەتی کام جۆر دەستور پەرە بە چەمکی لێبوردەیی و فرەیی دەدات و پەروەردەی وڵات دەخاتە خزمەتی ئەو مەبەستە، بۆ نمونە خۆ ئەگەر گەلی پاکستان لەوپەڕی هۆشیاری دیموکراتی و ئاینی و لێبوردەییش دابن، ناتوانن سەرکردەیەکی هێندۆسی دادپەروەر بکەنە سەرۆك کۆمار بەپێی دەستوری ئێستای وڵات، پێچەوانەی هیندستان کە ئەو ڕێگریە دەستوریە نیە.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

لەڕێگەی خوێندنەوەی قوڵمان بۆ ئەو بابەتە، گەشتین بەو باوەڕەی کە ئێمەش دەتوانین چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی بەسود بخەینەڕوو:

یەکەم: پێویستە سیستەمی حوکمڕانی لەدەستور دا بە و شێوازە دیاریبکرێت کە خزمەت بە دیموکراسیەت و پێکەوەژیان، لێبوردەیی، فرەیی بکات، لەگەڵیشی دا هەڵوێستی ئاییی بەجۆرێك بێت دوربکەوێتەوە لە فۆڕمی تیۆکراسی و ناتەبا نەبێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و فرەیی، لەپێناو هێنانەدی تەبایی و لێبوردەیی ئایینی، کاڵکردنەوەی هەر چەشنە ڕەگەزپەرستیەك، بۆ خزمەتکردن و گەشەدان بە کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەمەش بۆ ئەم وڵاتانە پێویستە کە پڕە لە ڕەهەندی جیاوازی زۆر لە: نەژاد و نەتەوە و ئاین و ڕێبازەکانی، بۆ نمونە عێراق و لەناویشی دا هەرێمی کوردستان، بۆیەش ئەو خواستە سیاسیە گشتیە هەر لە عەلمانیەت نزیکترە.

دووەم: مەرج نیە وەك کەمال ئەتاتورك عەلمانیەکی خەباتگێڕانە لە سەرەوە بسەپێندرێت و وا لەکۆمەڵگا بڕوانێت کە زۆرینە قبوڵیانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی ئایینی و فەرهەنگسازی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە وەك ئاماژەمان پێدا ئەو ژێرخانە کۆمەڵایەتیە قۆناغ بە قۆناغ لەبارتر دەبوو لە سەردەمی عوسمانیەکانەوە بەڵام هەموو سیستەمێك باشترە سەرەتا لەهەناوی گەلەوە چەکەرە بکات لەکاتی خۆی دا پێ بگات، خۆ ئەو عەلمانیەتە خزمەتێکی زۆری تورکیای کردووە بەڵام وەك نمونەیەکی دژ لێی دەڕواندرێت لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان، و تایفەگەری بنبڕ نەکردووە، بۆیە دەبینین ڕەوتە ئایینەکان دوبارە دەگەڕێنەوە سەر ئاستی ڕوداوەکان، ئەمەش جگە لەوی کاریگەری نەبوو بەسەر کەمکردنەوەی ئەو ڕەگەزپەرستیەی ڕەگی داکوتاوە بەرامبەر کورد و ئەرمەن لە کۆمەڵگای تورکیا، و نەیتوانیووە تورکیا بکاتە وڵاتێکی نەتەوەی نمونەیی، بۆیە پێویستە وڵاتی عێراق لەئێستادا بەرپرسیارانە و ستراتیژیانە ئامادەکاری بکات بۆ هەمواری داهاتووی دەستوری عێراق، لەڕێگەی بڵاوکردنەوە هۆشیاری دیموکراتی و لێبوردەیی ئایینی لەناوەوەی کۆمەڵگای عێراقی و زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی لەبار بڕەخسێنێ بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە یاسا و سیمای

**فەرمی دەوڵەت، لەپێناو بە بەئامانجگرتنی چەمکی هاوڵاتیبوون، هەرچەندە ئەو سیاسەتەی پەروەردە تا ڕادەیەك لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت، بەڵام سەرانسەری عێراقی نەگرتۆتەوە.**

**سێیەم: لەبەر ئەوەی دەستوری هەرێم ناتوانێت بەهۆکاری یاسایی ناکۆك بێت لەگەڵ دەستوری عێراق بۆیە ڕاسپاردەکە بۆ دەستوری عێراقە، کە لەکاتی هەمووارکردنەوەی دەستور مەرج نیە لێژنەی دامەزراندن یان یاسادانەری دەستوری ئاماژە بە "عەلمانی" بدات بە ڕاشکاوی، بەهۆی پڕوپاگەندەی ڕەوتە ئایینیەکان و هەستیاری کۆمەڵگای عێراقی لەئێستایا بەو وشەیە، بەڵکو دەتوانێت وەك دەستوری ئیسپانیا بنوسێت: هیچ ئاینێك سیمای فەرمی نیە. یان بنوسێت"دەوڵەت بێ لایەنە لە بابەتی ئایین" ئەگەر زانرا ئەم دێر و زاراوانە هەرس ناکرێن، دەتوانێت چەمکی"دەوڵەتی مەدەنی" بەکاربێنێت کە تاڕادەیەك قبوڵکراوترە بە مەرجێك ماددەی تری دەستوری دژایەتی نەکات، یان بێدەنگی هەڵبژێرێت لەو بابەتە، هەرچەندە ئەوەش کێشەکان بنبڕ ناکات، بەڵام لانی کەم ناکۆکی میتۆدی دروست ناکات وەك دەستوری ئێستای عێراق و دەسەڵاتی یاسادانان ئازادتر دەبێت.**

**چوارەم: لەبارەی جۆر و شێوازی گرێبەستی مارەبڕین، لەبەر ئەوەی بەلای ئایینپەروەرانەوە ئەو بابەتە فۆرمێکی پیرۆزی هەیە، دەتواندرێت و شیاوترە وەك دەستوری عەلمانی هیندستان بەپێی ڕێسای ئایینی تاکەکان بەیاسای تایبەت ڕێکبخرێت، بەڵام لانی کەم بوار هەبێت بۆ مارەبڕینی شارستانی، لەبەر ئەوەی دەکرێت دوو کەسی بێ ئایین بێنە بەردەم دادگای باری کەسی، و داوای گرێبەستی مارەبڕین بکەن کە ناچار نین گرێبەستەکە ڕێوڕەسمێکی ئایینی وەربگرێت، یان ماف و پابەندییان بەپێی ڕێسا ئایینیەکان دابەشکرێت.**

**لیستی سەرچاوەکان:**

## یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

1- سەعدی مستەفا، یاسای دەستوری، چاپی تاران، چاپی دووەم، ۲۰۲۳

2- سەرهەنگ حەمید بەرزنجی، گشتگیر لە تیوری دەستوور، جاپی کتێبخانەی تەبایی، چاپی دووەم، 2019

3- ئەنوەر حسێن، جێگری سەر نوسەر: لوقمان رەئوف، سیکۆلاریزم، چاپخانەی کارۆ

4- ئاستین کلاین، سیکۆلاریزم بەزمانێکی سادە، و: هەژێر شەریفی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم

5- حەفیف ئەخزەر، عەلمانیەت و ئسولێەت، و: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپوبڵاوکردەنوەی ئاراس، چاپی دووەم، 2012، هەولێر

6- ئیسماعیل کوردە، عەلمانیەتی ئەوان و نیگەرانی ئێمە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2004

7- دانا حمەعلی عبداللە، عەلمانیەت و ململانێی ئیسلام

8- مەریوان وریا قانع، دین و علمانیەت، چاپخانەی ئەندشە، 8۲۰۰

9- محمد هەریری، خەلافەتی عوسمانی لەشەریعەتەوە بۆ علمانیەت، چاپی ئەلیکترۆنی یەکەم، ۲۰۱۹

10- مەنوچەهر جەمالی، جیاکردنەوەی سیاسەت لەدین، 2016، چاپی یەکەم، ماڵی وەفایی، سلێمانی، لاپەڕە15

11- هاشم سالح، لەبارەی دەوڵەتی مەدەنیەوە، 2012، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2012

12- رەحمان امیری، بنچینە و بنەماکانی دیموکراسی، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

13- محمد ئارکۆن، ئاین، عەلمانیەت، فێندەمێنتالیزم، کوردیپیدیا

14- مەهدی مەهرپەروەر، دیموکراسی و فیدڕاڵیزم(کۆمەڵێك وتار)، 2009، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر

## دووەم: سەرچاوەكان بة زمانی عەرەبی


1. د.حسن مصطفى البحري، القانون الدستوري،
2. أ. د. عبدالناصر بن موسى ابوبصل، تحريرالمفاهيم والمطحات، الدين، الحرية، محكمات الشرعية، الانحرافات الفكرية
3. علي جريشة، إعلان دستور إسلامي، النادي الشبابية، مدينة، 1984


**سێ یەم: دەستوور و یاساکان**


1. **القانون الأساسي العراقي لعام** 1925
2. **الدستور العراقي الدائم لعام** 2005
3. **دستور مصر لعام** 2014 **المعدل**
4. **دستور الجمهورية اليمينة لعام** 1994
5. **دستور أوكرانيا لعام** 1996 **المعدل**
6. **دستور ألبانيا لعام** 1998 **المعدل**
7. **دستور تركيا لعام** 1982 **المعدل**
8. **دستور كۆسۆڤۆ لعام** 2008
9. **دستور أسبانيا لعام** 1978 **المعدل**
10. **دستور الهند لعام** 1949
11. **دستور فرنسا لعام** 1958 **المعدل**
12. **دستور أفغانستان لعام** 1998 **المعدل**
13. **دستور الجمهورية الاسلامية الايرانية لعام** 1979 **المعدل**
14. **نظام أساس الحكم للسعودية لعام** 1992
15. **دستور باكستان لعام** 1973 **المعدل**
16. **دستور تونس لعام** 2014
17. **یاسای شارستانی عێراقی ژمارە** 40**ی بۆ ساڵی** 1958 **هەموارکراو**
18. **یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە** 8 **بۆ ساڵی** 2011
19. **یاسای کارتی نیشتیمانی ژمارە**3**ی بۆ ساڵی** 2016
20. **یاسای شارستانی عێراقی ژمارە** 40**ی بۆ ساڵی** 1958**ی هەموارکراو**

## چوارەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان


1. ماڵپەری (الجزيرة) تارخ ضهور العلمانية اشنقوا اخر ملك بأمحاء اخر قس،٢٠٢٢ http://bit.ly/3G6k26m
2. ماڵپەڕی چاوی کورد، پێکهاتە و پێناسەکانی دەوڵەت، لەلایەن شەریف فەلاح، ٢٠٢٣ http://bit.ly/49ABmhD
3. ماڵپەڕی (چاودێر) "بەرنامەی هەردوو کۆنفرانسی پلاتفۆڕمی دابڕان و فێمێنزمی ڕۆشنگەری"، ٢٠١٩ https://chawder.org/detailnews.aspx?jimare=19023&cor=2&related=2
4. ماڵپەری (کوردیپیدیا)، ئاین-ئایین، ئەم بابەتە لەلایان: هاوڕێ باخەوان بڵاوکراوەتەوە،٢٠١١/١٠/١٠تۆمارکراوە بۆ دواجار لە لایەن: زریان سەرچناری، لە ٢٠٢٢/٢/١٢ باشتر کراوە. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20110110143045316588&lng=1
5. ماڵپەری زانیاری، مستەفا کەمال ئەتاتورک، لەلایان ئیسرا بوورهان، ٢٠٢٢، کۆدی بابەت:٧٦٠٩ https://wwww.zaniary.com/
6. گۆران هەڵەبجەیی، بۆ لەتیف سەلەفی، ئەو وێنە حەرامانەت لێ دیارە؟، 2024/1/4، ماڵپەڕی speemedia 2024/1/10 / 11718&Jmare=397https://speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=
7. ڕوداو-ئاژانس، کێشەکانی یەمەن دەبنە فشار بۆ سەر شیعەکانی سعودیە، 2015/4/9، ماڵپەڕی ڕوداو نیت، 2024/1/10 / -amp090420151https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/
8. دەنگی ئەمریکا، لە ئەرکێکی ئاسایش لە سعودیە دوو کەس کوژران، 2019/9/1، ماڵپەڕی دەنگی ئەمریکا، 2024/1/10 / .html4734190https://www.dengiamerika.com/amp/saudi-arabia-Shiite-militants--/
9. Andrew Lumsden, myth vs. Fact: iranian suni's muslim, October[1] 17 2019/ ,American iranian council, 2024/1/10 / /myth-vs-16/10/2019https://www.us-iran.org/resources/ fact-irans-sunni-muslims